Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpB.18

# لێکەوتەکانی جەنگ لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران) لە ڕوانگەی ڕەخنەی "ئیکۆفێمنیزم"ەوە

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Yasin Braim Qadir
yaseenbraim@gmail.com

**یاسین برایم قادر/** بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران

**پەخشان سابیر حەمەد/** بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران

RECEIVED :10 /10/2025
ACCEPTED :22/02/ 2026
PUBLISHED :15/04/ 2026

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی لێکەوتەکانی جەنگ لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران) لە ڕوانگەی ڕەخنەی "ئیکۆفێمنیزم"ەوە. لە دوای قۆناغی نوێخوازی، زێدەتر لە ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەم، پرۆسەی ڕەخنەی ئەدەبی لە جیهاندا گەشەی سەندوو چەندین تیۆر و میتۆد و ئاراستەی ڕەخنەی نوێ لەدایکبوون. ڕەخنەی ژینگەیی لە نێویشیان ئیکۆفێمنیزم لەژێر ڕووناکی بیروبۆچونی ڕەخنەگرانی بواری ژینگەناسی و فێمنیستەکان گەشەی کرد, لەو توێژینەوەیە ژینگەناسی و جەنگ و لێکەوتەکانی نەرینی و وێرانکردنی دوای جەنگ لەسەر ژینگە و سروشت و مرۆڤ و بەتایبەت ڕەگەزی مێینە خراوەتە ڕوو, لێکدانەوە بۆ چەمک و زاراوە و پێناسەی جەنگ و ژینگە و ڕەخنەی ژینگەیی و ئیکۆفێمنیزم بە چەندین ڕا و شێوە و پێناسەی جیاواز دەستنیشانکراوە. ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی بایەخە، بزانین ئایا ڕۆماننووسانی کورد چۆن هەستیان بە مەترسییەکانی جەنگ کردووە بۆ سەر ژینگە و بەتایبەتی ژینگەی فێمنیستی لە دەقەکانیاندا ڕەنیگداوەتەو. دەکرێت لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە هوشیاری ژینگەیی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگا بە ئاراستەی مەعریفی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، ڕێگری بکرێت لە تێکدان و لەناوبردنی سروشت و ژینگەی زیندەوەران و ڕووەک لە ژینگە جیاوازەکان، چونکە مانەوەی مرۆڤ بریتییە لە تەندروستیی ژینگە و زەوی و ئاو و هەوا, ڕێزگرتن و پاراستنی بەردەوامی ئەو ڕەگەزانە؛ ژینگە جوانتر و پاکتر دەبێت و مەترسییەکانی کەمتر دەبنەوە.

**وشە سەرەکییەکان:**
سروشت،
جەنگ،
ڕەخنەی ژینگەیی،
ئیکۆفێمنیزم،
نەفرەتی نەوبەهاران

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**1- پێشەکی**

ڕۆمان وەک ژانرێکی گرینگی ئەدەبی، فورمێکی دەوڵەمەند و فرە لایەنە، بەختیار عەلی لە نێو ڕۆمانەکانیدا، چەندان کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سۆزداری و خێزان و ژن و ژینگە و لایەنی دیکەی خستۆتە ڕوو. لەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە چەمک و زاراوەی جەنگ و ژینگە بە گشتیی و لێکەوتەکانی جەنگ و کاریگەرییەکانی لەسەر ژن و ژینگە و کۆمەڵگە خستۆتە ڕوو.

**1-1: کێشەی توێژینەوەکە:** لەم ڕۆمانە جەنگ چ کاریگەری کردۆتە سەر ژینگە و ژن؟ چۆن باس لە جەنگ کراوەو بۆ چ مەبەستێک بەکارهاتووە؟ ئاخۆ ڕۆماننووس کێشەیەکی مەترسیداری خستۆتە ڕوو، لە ئێستادا جەنگ وەک پرسێکی جیهانی، چ کاریگەریی هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی و گۆی زەوی.

**1-2: گرنگی توێژینەوەکە:** تا ئێستا وەکو پێویست ئاوڕ لەم لایەنە نەدراوەتەوە. باسکردنی جەنگ لە ڕێگەیی ڕەخنەی ژینگەیی و بەتایبەتی لایەنی ڕەخنەی فێمنیستی (ئیکۆفێمنیزم) لە ژانری ڕۆمانی کوردیدا نەخراوەتە بەرباس و توێژینەوەی لەسەر نەکراوە.

**1-3: ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لە خستنەڕووی کاریگەری و لێکەوتەکانی جەنگ لەسەر سروشت و ژینگە و مرۆڤ، بەتایبەتی ڕەگەزی مێینە. کاریگەری جەنگ لەسەر ژینگە و ژن بۆ هەردووکیان مەترسیدارترە، چونکە هەر لە لایەن خودی مرۆڤە، زێدەتر ڕەگەزی پیاوە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان و خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

**1-4: پرسیاری توێژینەوە:** لەم ڕۆمانە، هەبوونی چەوساندنەوەی ژن و سروشت بەچی مەبەستێک بەکارهاتووە، بەختیار عەلی چۆن کار لەسەر ئیکۆفێنیزمی کردووە و تاچەند لەگەڵ بنەما و ناوەڕۆکی دەگونجێت، مەبەست لە بەکارهێنان و گرینگیدان بەم پرسە چۆنی خستۆتە ڕوو لە ڕووی ئەدەبەوە.

**1-5: سنووری توێژینەوەکە:** سنووری ئەم توێژینەوەیە ڕەخنەیی ژینگەییە، لە ڕوانگەی ئیکۆفێمنیزم بەدیارکراوی چەمکی جەنگ و ژن و ژینگە لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران)ی بەختیار عەلی دا، بە نموونە وەرگیراوە.

**1-6: میتۆدی توێژینەوەکە:** بۆ ئەم توێژینەوەیە، میتۆدی ڕەخنەی ژینگەیی بە ئاراستەی ڕەخنەی ئیکۆفێمنیزم، ڕەخنەی شیکاری و وەسفی بۆ چەمک و زاراوەی جەنگ و ژینگە بەکارهاتووە؛ چۆنیەتی کاریگەریان لەسەر مرۆڤ و ژینگە و لێکەوتەکانی خراونەتە ڕوو. زۆر جاریش، هەردوو میتۆدەکە ئاوێزانی یەکتر کراون و سوودیان لێ وەرگیراوە.

**1-7: پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (لێکەوتەکانی جەنگ لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران) لە ڕوانگەی ڕەخنەی "ئیکۆفێمنیزم"ەوە. لە پێشەکی و سێ تەوەر پێکهاتووە:

تەوەری یەکەم: خۆی لە چەمک و زاراوە و پێناسەی جەنگ و جۆرەکان و لێکەوتەکانی جەنگ لەخۆ گرتووە.

تەوەری دووەم: باس لە ژینگە و ڕەخنەی ژینگەیی و ئیکۆفێمنیزم کراوە.

تەوەری سێیەم: تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاران، باسکردنی جەنگ و دەستدرێژیکردنە سەر کچ و ژنان و شەرەف و کاریگەری جەنگ بۆ سەر ژینگە و سروشت و لێکەوتەکانی جەنگ و کاریگەری لەسەر ڕەگەزی مێینە.

## 2- چەمک و پێناسەی شەڕ-جەنگ:

پەیڤی شەڕ لە زمانی کوردیدا، چەندین هاوواتای هەیە وەک شەڕ، بە هەردوو شێوە بەکاردەهێندرێن و زۆرجاریش تێکەڵ بە یەکتر کراون.

لە فەرهەنگی(کوردستان) وشەی جەنگ هاتووە: "شەڕ، کێشە، بەگژیەکتریدا چوونی دوو کەسانە یان پتر، هەرا، دەمەقاڵە، دوژمنایەتی" (موکریانی، گیوی، 1999: 279)؛ "جەنگ: شەڕ، هەراو لیکدانی بە دوژمن دێت" (هەژار، 1388: 190) لەم دوو فەرهەنگە جەنگ بە مانای شەڕ وبەگژیەکداچوون و دوژمنایەتی دێت. هەروەها "جەنگ: ئاشووب، ئاژاوە، پشێویی، داو، داوا، شەڕ، شەڕە، پۆپان، نەبەرد، کێشە، هەراوکێشە (نێوان میللەتان)" (حسن، شەوکەت مەلا اسماعیل، 2012: 662)؛ جەنگ: سنووری دوو هۆز، هێز، نەتەوە، وڵاتان دەبەزێنێت. "واتا شەڕی گەورە، شەڕی نێوان دوو لەشکر یان پتر" (هەرشەمیی، شاسوار، 2022: 948). ماجد مەردۆخی لە فەرهەنگی فارسی-کوردی، بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ (جنگ) کردووە: "جنگ-شەڕ: جەنگ؛ هەڵا؛ هەرڤ؛ چۆنیەتی پێکدادان؛ لێکدانی دوو وڵاتان یان دوو هۆزی دژ بە یەک" (روحانی، ماجد مردوخ، 1388: 423).

لەسەر جەنگ لە "فەرهەنگی ئۆکسفۆرد دا هاتووە کە: دوژمنایەتیی و ململانێی نێوان بوونەوەرە زیندووەکانە. هەروەها لە فەرهەنگی (ویبستێر)دا: جەنگ واتای ڕاگەیاندن و دەرگیری چەکدارانەیە لەنێوان دەوڵەتان یان گەلاندا" (ابابکر، خدر رسول، 2022: 10). شەڕ لە نێوان دووکەس یان زیاترە، توندوتیژی بەرانبەر یەکتر ئەنجامدەدەن، بە کەرەستەی سادە لەیەکتر دەدەن، یان دوو هێزی گەورە و دوو وڵات بگرە پتر بەشەڕ دێن.

شەڕ: "جەنگ، جنگ، دعوا." (هەژار، 1388: 482)؛ "پیلەبازی، شەرڤانی، کێشە، لەج، شەڕەدەنووک" (حسن، شەوکەت مەلا اسماعیل، 2012: 1448)، لە فەرهەنگی کوردستان، چەند مانایەکی دی لە خۆ دەگرێت" شەڕ: گونگەڵ، لەج، (هەرا)، جەنگ، (باک) کۆماند، پیلە، ڕەزم، (هەورا)، پەرەچەنگ، پەرچەنگی، کێشە، نەبەرد، گەڕ، (باک)، بناڤێ، بەشەڕهاتن" (موکریانی، گیوی، 1999: 626)، هەمان نووسەر لە فەرهەنگی مەهاباد، دەڵێت: "شەڕ، کوشتن، ململانێ، ئەنجامدانی کارێکی ناشیرین و نەخوازراو" (موکریانی، گیوی، 2012: 303) زیاتر گوزارشت لە شەڕ و کوشتن و ئاژاوەی نێوان مرۆڤەکان دەکات. لە فەرهەنگی مایی، ئاماژە بە شەڕ دراوە "جەنگ؛ خرتول؛ ڤێکراچوون" (مایی، طە مظهر, 2019: 640). ئەم دوو وشەیە زۆرجار لەکاتی بەکارهێناندا، وەک پێویست لە یەک جیاناکرێتەوە، بۆیە زۆرجارناچار دەبین هەردوو وشەکە بەکاربهێنین. ئێمە لەم توێژینەوە وشەی جەنگ بەکاردەهێنین.

### 2-1: جیاوازیی نێوان شەڕ و جەنگ:

شەڕ لە نێوان دوو کەس یا زیاتر لە نێوان دوو گەڕەگ، دوو شار، دوو هۆز، نەتەوە، گەل تا دەگاتە دەوڵەت. واتە ئەو شەڕە لە نێوان مرۆڤەکان دایە دەکرێت توندوتیژی و کوشتن و بریندابوون وماڵوێرانی بەدوایەوە بێت. شەڕ و توندوتیژی لە نێوان ئاژەڵانیش هەیە. زۆرجاریش مرۆڤەکان دەستیان هەیە لە ئەنجامدانی ئەو شەڕانە، وەک یارییەکی میللی سەیر دەکرێت. لە کوردەواری شەڕە کەو، شەڕە کەڵەباب، شەڕە سەگ هەیە. زۆربەی ئاژەڵی دڕندە و خشۆک و باڵندە، بۆ پەیداکردنی خواردن و نێچیری خۆیان، پەلاماری ئاژەڵ و باڵندەی دی دەدەن و دەیکوژن و لەناوی دەبەن. شەڕ لە نێوان ئاژەڵان هەیە و ئەمە سروشتی ژیانی ئەوانە. مرۆڤەکانیش شەڕ دەکەن، لێرە وشەی شەڕ بۆ هەردوو لا بەکاردێت. شەڕ لای مرۆڤ لە پێکدادان و توندوتیژی دووکەس یان زیاتر، کە خۆی لە دەستە و هۆز و حیزب و نەتەوە و ئاین و مەزهەب و ئایدۆلۆژیا خۆی دەبینێتەوەو شەڕ و دوژمنکاری لێ دروست دەبێت. هەموو توندوتیژێکیش شەڕ نییە و شەڕیش لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و چەکداری جیاوازە. شەڕ لە نێوان هاندەرانی دوو تیپ یان ڕووبەڕووبوونەوەی پۆلیس و هاووڵاتیان لە کاتی ڕێپێوان وخۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربرین، توندوتیژی و ئاڵۆزی سەرشەقامی لێدەکەوێتەوە، ئەو کارەش هەر بە شەڕ سەیر دەکرێت. زۆرجار لە سنووری نێوان دوو وڵات، تەقە لە یەکتر دەکەن و یەکتریش دەکوژن، ئەمە بە پێکدادان و پەرپەرچدانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتر دادەندرێت و ناچێتە خانەی شەڕ، ئەگەرچی وەک شەڕیش هەواڵەکە بڵاودەبێتەوەو وەک شەڕیش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. دوو کەس لە

بازاڕ بەشەڕ دێن، جیاوازە لەگەڵ دوو هێز و دوو لەشکر و دەوڵەت شەڕ دەکەن. لە کوردیدا بۆ هەردووکیان وشەی شەڕ بەکاردێت. شەڕ لە سنووری کۆمەڵایەتیی و خێزانییەوە سەیر دەکرێت و بەهایەکی بچووکی هەیە، وەلێ جەنگ ڕەهەندێکی نەتەوەیی و نیشتمانی وسنوورێکی گەورەتر وەردەگرێت. دەتوانین بڵێین:

"1. شەڕ بەشێکی بچووکی جەنگە و جەنگ لە چەند شەڕێک پێکدێت. 2. شەڕ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستییە، بەڵام جەنگ کاری ستراتیژی و تاکتیکییە. 3. شەڕکردن کردارییە و جەنگ تیۆرییە. 4. ئەنجامی شەڕکردن براوە دیاری ناکات، بەڵام ئەنجامی جەنگ براوە دیاری دەکات. 5. ماوەی شەڕکردن کەمترە لە جەنگ لەوانەیە چەند خولەکێک، کاتژمێرێک، یان مانگێک بێت." (ڕزگار، محەمەد، 2021: ؟).

شەڕ، لە ڕووی سەربازییەوە، درێژخایەن و کورتخایەنی هەیە، مەرجیش نییە هەموو جارێ خوێناوی و پڕ قوربانی بێت. (گاستۆن بۆتۆل) ئاماژە بەو جۆرە جەنگە دەکات و دەڵێت: "دوایین تایبەتمەندی جەنگ خوێناوی بوونی جەنگە، چونکو ئەگەر جەنگ نەبێتە هۆی تێداچوونی مرۆڤ، ئیدی بەتەنیا ڕوبەڕوبونەوە یان هەرەشەیەک دەبێت. (جەنگی سارد) بە جەنگ ناژمێردرێت" (بۆتۆل، گاستۆن، 2006: 34). شەڕ، تێچووی دارایی و ژمارەی سەربازی کەمترە لە جەنگ، زۆرجار جەنگەکان، نەخشە و سنووری وڵات و نەتەوە دەگۆڕێت، ئەمە لە شەڕدا ڕوونادات. لێکەوتەکانی جەنگ لە ڕووی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی زۆرترە لە شەڕ. دەتوانین بڵێین: هەموو شەڕێک جەنگ نییە و هەموو جەنگێک شەڕە.

## 2-2: تۆماری جەنگ لە ڕووی مرۆڤایەتی:

هەر لە کۆنەوە جەنگ بە چالاکیی مرۆڤەکان داندراوە، هەر زووش یەکەم پێکدادان و جەنگ، لە جەنگی هابیل و قابیل خۆی دەبینێتەوە. بەم شێوەیە یەکەم زەنگی جەنگ لە سەر زەوی بۆ ئەم دوو برایە دەگەڕێتەوە، جەنگی مرۆڤ بەرانبەر بە مرۆڤ؛ پێشتریش هەبووە جەنگی ئادەم لەگەڵ شەیتان. مێژووی مرۆڤایەتی بە جەنگ دەستیپێکردووە، ئەمە دەبێتە بەردی بناغەی شارستانیەت، ئیدی لەو ڕۆژەوە، جەنگ لە دوای جەنگ هەڵگیرساوە، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش، لە برەودایە. (عکار، 1401: 7).

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە لە ڕووداوی جەنگ، لە ئایین و ئوستوورە و ئەفسانەی نەتەوەکانی کۆن، چەندین خواوەندی جەنگ و مەرگ بوونیان هەیە. لە ئوستوورەکانی چین و یۆنان و ڕۆمانی و ئاشووری و میسر و هیندی و نەتەوە کەونار و لەناوچووەکان، ئەو جۆرە خواوەندانە دەبینین و ناوی جۆراوجۆریان هەیە، لەگەڵ یەکتریش جەنگاون. لە نێو ئایینە ئاسمانی و زەمینەکان و ئەفسانە و ئوستوورەی نەتەوە و شارستانیەتە کۆنەکان، تۆماری مێژووی لە دەقی نووسین و وێنە و پەیکەری ناو پەرستگا و ئەشکەوت و شوێنەوارە مێژووییەکان بەرچاو دەکەون. بەشی زۆری ئەو تۆمارانە، گوزراشت لە جەنگ و سەرکەوتن و پاڵەوان و جەنگاوەری ئازا و هەبوونی کەرستە و ئامێرەکانی جەنگکردن، وەک بەڵگەیەکی زیندوو خۆیان نمایش دەکەن.

لە میراتی شارستانیەتی سۆمەرییەکان، داستانی گێل گامێش نموونەیەکی زیندووی مرۆڤایەتییە، کاتێ باس لەم داستانە دەکرێ، گەڕان بە دوای نەمریی و مانەوە دەکات، ڕاستیەکەی لایەنێکی جەنگ نیشان دەدات، گێل گامێش لەگەڵ سروشت و ڕاوی شێر و گای دڕندەی ئاسمان و خومبەبەی دێو و زۆرداری دارستان، خەریکی خوێنڕشتن و جەنگ و لەناوبردن بووە. (ئازادیخواز، جەلیل، 2005: 60-61).

پێش دروستبوونی ئەدەبیاتی خەیاڵی و سەرهەڵدانی چیرۆک و ڕۆمان بە مانای مۆدێرنەکە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ڕەنگدانەوەی جەنگ و ململانێی مرۆڤایەتی لە ژانرەکانی شیعر و ئەفسانەی بەرنگاری، زێدەتر لەم ژانرانە بیرکردنەوە و هەست و سۆزی مرۆڤەکانی کۆن لە بەرانبەر شەڕ و ململانێ لە مێژووی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا و سەردەمی کلاسیک و سەردەمی ناوەڕاست، ئەمە دەسەلمێنێت، زۆربەی بەرهەمە شیعرەکانی ئەم قۆناغە، تەوەری جەنگ لە خۆ دەگرن، لە نێو ئەو بەرهەمە گرینگ و ناسراوانەی لە وەسفکردنی جەنگەکان بەرچاودەکەون، جەنگەکانی ئەسینا و تەروادە بە زمانی یۆنانی، ئیلیادە و ئۆدیسەی هۆمیرۆس و ئەفسانەی ئەنیادەی ڤێرجیل بە زمانی لاتینی. (فخر، فاطمە

بهروز، 1397: 13).
مێژووی مرۆڤایەتی، دەوڵەمەندە لە جەنگی گەورە و وێرانکەر، ئەم جەنگانەش بوونە هەوینی چەندین بەرهەم و داهێنانی ئەدەبی و هونەری. هەر وڵات و نەتەوەیێک خاوەن بەرهەمی خۆیەتی و دواتر ئەمانە بوونە شاکاری هەموو جیهان. ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتیی) تولستۆی و ڕۆمانی (ماڵئاوا لە چەک)ی هەمەنگوای، هەزاران چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ و یاداشت و فیلم و تابلۆ و پەیکەر و گۆرانی و موزیک، بەرهەم هاتوون، بەتایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی و دووەمی جیهانیی، ئەم کاروانە داهێنانەی پێشخست و بوونە تۆمارێکی مێژووی گەورە لە ڕەنگدانەوە و باسکردن و خستنەڕووی دیوە ناشیرینەکانی جەنگ و کوشتن و ململانێ و لەناوبردنی شارستانیەت و مرۆڤایەتی و ژینگە و جیهان. لە ئەدەبی کوردیدا، نموونەی وامان لە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان هەیە، جەنگ بویتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ بەرهەمەکانیان، بەختیار عەلی وەک ڕۆماننووسێک، لە ڕۆمانەکانیدا، گرینگی بە جەنگ و ڕووداوە مێژوویەکانی کوردی داوە، بەتایبەتی ڕووداو و جەنگەکانی وڵات و ململانێی حکومەتی عێراق و شۆڕشی کورد، پانتایەکی بەرفراوانی بە ڕومانەکانی بەخشیووە.

## 2-3: کەرەستە و جۆرەکانی جەنگ:

هەر کاتی باس لە جەنگ دەکرێت، ناکرێ باس لە کەرستەکانی جەنگیش نەکرێت، هەر قۆناغێک و سەردەمێکیش، لەگەڵ پێشکەوتنی بیر و ژیان و شارستانیەتەکان کەرستە و شێواز و هونەری جەنگ و پلان و نەخشە و ئامانجی سیاسیی و سەربازی، گۆڕانکاریان بەسەر هاتووە. کەرستەی مرۆڤەکانی قۆناغی ڕاوکردن و کشتوکاڵی، سادە و ساکاربوون، وەک بەرد و تیر و شیر و تۆبز و قامچی و چەکی سادە، هەمان ئەو کەرستانەی بۆ ڕاوکردنی ئاژەڵەکان بەکاریان دەهێنا. لە تابلۆ و نەخشە و پەیکەری سەر دیوار و ئەشکەوت و پەرستگا کۆنەکان دەبینین، ئەو کەرستانەی جەنگاوەران بەکاریان هێناون چۆنن. شێوازی جەنگەکان بە پێشکەوتنی شارستانیەت و گەشەی ئابووری و سەربازی، چەکی تازە، بەرهەم هاتوون، تۆپ و فرۆکە و تانگ و جۆرها ئامێر و چەکی دیکەی مۆدێرن. دەتوانین ئاماژە بە قۆناغەکانی جەنگ بکەین:
"1- قۆناغی مێژوویی لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە تا داهێنانی چەکی ئاگرین.
2- قۆناغی دروستبوونی باروت و بەکارهێنانی لە جەنگدا.
3- قۆناغی جەنگی میکانییەکان، داهێنان و بەکارهێنانی ئامێری جەنگ و پەرەپێدانی جەنگی زەوی و ئاسمان و ژێرزەوی تا سەردەمی مۆدێرن" (افشردی، محمد حسین، توحید قاضی پور، داود گلکاریان, 1398: 10_11).
لەگەڵ سەرهەڵدانی barووت، قۆناغی ترسناکی جەنگ دروستدەبێت و ئیدی لە چەکی هێز و بازوو و ماسولکە، دەبێتە چەکی ئەقڵ و تەکنیک و کەرستەی نوێ. ئەم پێشکەوتنە بەمەش ناوەستێ، قوناغێکی مۆدێرنتر و مەترسیدار دێتە پێش و مرۆڤایەتی دەخاتە مەترسی و لەناوبردن. ئەو جەنگانەی بوونیان هەیەو تا ئێستاش بەردەوام جەنگی خوێناوی و وێرانکەر و مەترسیدار دەبینین؛ بە کەرستەی تازە و جۆراوجۆر، ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە. ئەو جەنگانەی لە قۆناغی سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی، تا سەردەمی ئێستا، چەند قۆناغ لەخۆ دەگرێت. "کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە سێ قۆناغی وردی ململانێ و جەنگ تێپەڕیوە، جەنگەکانی پێش مۆدێرن، مۆدێرن، دوای مۆدێرن، یان بە سێ شەپۆل ناوەزەند دەکرێن". (افشردی، محمد حسین، توحید قاضی پور، داود گلکاریان, 1398: 10).
لەئێستادا، کەرستەکانی جەنگ، پێشکەوتوو و مەترسیدارن، فرۆکە و تانک و فرۆکە و تۆپ و موشەک و فرۆکەی بێفرۆکەوان سەریهەڵداوە. چەند ساڵێک پێش ئێستا ئەو چەکانە بەم شێوەیە نەبوون، تا دێ کەرستەی دی جەنگ بەرهەمدەهێندرێن و لە جەنگدا تاقیدەکرێنەوە.

## 2-4. جۆرەکانی جەنگ

لە مێژووی مرۆڤایەتی زۆر جەنگ ڕوویداوە و بوونیان هەبووە؛ هەندێکیان بە درێژایی مێژوو کاریگەریان هەبووە و تاقیکراونەتەوە و تا ئێستاش بەردەوامە. زۆرجاریش جۆرەکانی جەنگ ئاوێزانی یەکتردەبن و درێژی جەنگ و فراوانی

سنووری جەنگ، زۆربەی شێوازەکان و جۆرەکانی جەنگ، بەکار هێندراون، جەنگی (یەکەم و دووەم)ی جیهانیی باشترین نموونە بێت. دەتوانین ئاماژە بە چەند جۆرێکی جەنگ بکەین، گرنگترینیان "جەنگی ناوەخۆ، جەنگی سنووردار، جەنگی سەرتاپاگیر، جەنگی بەرگری، جەنگی پێشگیری، جەنگی ناوشاران، جەنگی شۆرشگێری، جەنگی پارتیزانی، جەنگی ڕەوا، جەنگی بەوەکالەت، جەنگی ئابووری، جەنگی ئەتۆمی و کیمیاوی، جەنگی هەواڵگری" (محی الدین، بەهرۆز عزت، 2018: 73).

دەتوانین بڵێین: جەنگی هەواڵگری، دۆستایەتی و تێکەڵی لەگەڵ جەنگی (سیاسی و ئایدۆلۆژی و سایبیری و دەروونی) هەیە، دەکرێت ئەمانە خۆیان لە جەنگی سارد ببینەوە. هەروەها جەنگی ئایینی، جەنگی سارد، وەک جەنگ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. لەم ساڵانەی دوایش جەنگی دژە تیرۆر، جۆرێکی دیکەیە. هەروەها "جەنگی سەربازی و پێکدادان دەکرێن بە سێ جۆر: جەنگی وشکانی، جەنگی دەریایی، جەنگی ئاسمانی" (جەلال، هەڵگورد، 2016: 50_53).

ئەوەی لە ئێستادا، بۆ جیهان و ئایندەیی مرۆڤایەتی مەترسیدارە، بە پێی یاساکانی نێودەوڵەتی بەکارهێنانی ئەم چەکانە قەدەغەن، بەڵام هەبوونی ئەم جۆرە چەکانە لە لایەن وڵاتە دەستڕۆیشتووکانی دونیا، گرنگیپێدان زیاتر و تا دێ ژمارەی ئەو وڵاتانەی گرینکی بە چەکی ئەتۆم و کیمیاوی دەدەن، ئەو مەترسیانە گەورەتر دەکەن. لە لایەکی دی پێشکەوتنی کەرستە و ئامێرە سەربازی و جەنگیەکان، لە هەر سێ لایەنی (زەمینی و ئاسمانی و دەریایی) ئایندە و لەناو بردنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی و ژینگە و گەردوون دەخاتە ژێر پرسیار.

لە نێو سیاسەت و جەنگ و ڕاگەیاندنیش، چەند جۆرێکی دیکەی جەنگ ناویان دێت وەک، جەنگی ئابووری-خۆراک، جەنگی ئاو، جەنگی وزە، جەنگی ڤایرۆسەکان، جەنگی ڕۆبۆتەکان، جەنگی ئاسمان و گەردوون وتد. لێرەدا ئاماژە بە جەنگی ناوەخۆ دەکەین، پانتایەکی فراوانی ڕۆمانەکەی گرتووە.

## 5-2. جەنگی ناوەخۆ:

جەنگی ناوەخۆ یان براکوژی، جەنگێکی مەترسی وزیانبەخشە. وڵات و کۆمەڵگا بەدەستی هاونیشتمانی خۆیەوە وێران دەبێت و بۆ چەندین ساڵ گەشەکردنی ئابووری وڵات دوادەخات. پێوەرێک هەیە بۆ جەنگی ناوەخۆ پەیوەندی بە ڕێژەی کوشتنی مرۆڤەکان هەیە. "ئەڵێن تێکرای کوژراوەکان بەلای کەمەوە (1000) کەس بێت. لە ساڵی (1945)ەوە تا ساڵی (1999) نزیکەی (130) جەنگی ناوەخۆیی لە جیهاندا ڕوویانداوە لە هەر یەکێک لەم جەنگانەدا بە لای کەمەوە (1000) کەس کوژراون" (محی الدین، بەهرۆز عزت، 2018: 74). ڕەنگە ئەم پێوەرە زۆر یاسایی و ئەقڵی نەبێت، زۆرجار جەنگی دوو دەوڵەت دەکرێت، ئەوەندە مرۆڤیش نەبێتە قوربانی. جەنگە ناوەخۆیەکان خوێناوین و مەترسیدار و وێرانکەرن. وڵاتێکی وەکو ئیتالیا لە جەنگی جیهانی زۆر خۆی پاراست، کەچی جەنگی ناوەخۆی وڵاتەکەی وێرانکرد، ئەگەر بەشداری جەنگی کردبایە ئەو هەندە زەرەرمەند نەدەبوو. "شارەزایەکی مێژووی بە ناوی (Reinart Koslleck) دەڵێ: شەری ناوەخۆ، بەشەڕ ناودەبرێت، بەڵام جیاواز لە کودەتا یان شۆڕش یان مانگرتنێک، کە هێزی تێدا بەکاربێت. بەڵام شەڕی وڵاتان نییە، شەڕی ناوەخۆ لە نێوان هاووڵاتیانی یەک وڵاتدا ڕوودەدات" (ڕەشید، صلاح، 2022: 15).

زۆربەی جەنگە ناوەخۆیەکان لە کاتی شۆڕش و کودەتا و حکومەت و ناکۆکی ئایدۆلۆژیای حیزب و هێزە چەکدارەکان دروستدەبێت. مێژووی براکوژی کۆنە و لە هابیل و قابیلەوە دەستپێدەکات. توندوتیژی و پێکدادانەکان و جەنگەکان خوێناوین و وڵات وێراندەکات، هاووڵاتیانی یەک وڵاتن و دەستیان دەچێتە خوێنی یەک. زۆرجار ئەمەش بە بەرنامە و دەستی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی دروستدەبێت، هاوکاری لایەنێک دەکەن و دژی لایەنیکی دیکە. لەمێژوودا، دەبینین نەتەوە و هۆز و مەزهەبە ئایینەکانیش بێبەش نین لەم جەنگە خوێناویانە. لە سەدەی بیستەم بەدەر لەو دوو جەنگە جیهانییە، چەندان جەنگی ناوخۆیی خوێناوی لە وڵاتان دروستبوون.

"لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، شەڕی ناوەخۆ بە (شەڕ) ناونابرێت. بەڵکو بە کێشەیەکی ناوەخۆی وڵاتێک دەژمێردرێن، لەبەر مەسەلەی ئەوەی ئایا دەستتێوەردانی هێزی دەرەکی لەشەڕی ناوەخۆ چەند ڕەوایە بۆ هاوکاری هاووڵاتیان." (ڕەشید، صلاح، 2022: 15).

کورد وتەنی (شەڕ و نیوە شەڕ هەریەکە)، هەموو ئەو جەنگانەی دەکرێن، ناوەخۆیی بن یا نێوان دوو دەوڵەت یان زێدەتر، لە وێرانی و کۆشتن چی لی بەرهەم دێت، هەر مرۆڤایەتییە زەرەرمەند دەبێت. هەر جەنگێک ڕوویدا، بچووک بێت یان گەورەو ڕەوا بێت یا ناڕەوا، تاوان و کوشتن و دڕندەیی مرۆڤ و هێزە چەکدارەکان نیشاندەدات. هەموو ئەو جەنگە خوێناویانەی ڕوویانداوە، مرۆڤ دەتوانێت بڵێت ئەمانە جەنگ نیین! جەنگی براکوژی لە یۆنان، ئەمەریکا، سۆڤیەت، چین، ئیتالیا، یەمەن، سوریا، لوبنان، سۆماڵ و سودان و ئەریتریا و دەیان وڵاتی دی، چ ماڵوێرانییەکی بۆ مرۆڤایەتی بەجێهێشتووە؛ بە ملیۆنان مرۆڤ بوونەتە قوربانی. مرۆڤەکان لە ماڵ و شوێن دەبن و تووشی دەیان کاردانەوەی نەخوازراوی جەنگ دەبن. ژینگە و سروشتی وڵات تێکدەچێت. زۆربەی وڵاتان ڕەنگە بەم جەنگە نەخواستراوانە تێپەڕی بن، جا کێ جەنگەکەی هەڵگیرساندبێت، گرینگ ئەوەیە هەڵگیرساوە و لە مێژووی وڵاتەکەیان بوویتە پەڵێکی ڕەش بەنیوچاوانی مێژووی خۆیان. لەم بارەیەوە (فلادمیر لینین)، دەڵێت: "هیچ شۆڕشێکی مەزن لە مێژوودا ڕووینەداوە بێ شەڕی ناوەخۆ" (ڕەشید، صلاح، 2022: 15).

لە عێراق بە هۆی پەلاماردانی حکومەتی عێراق بۆ سەر کوردستان و سەرهەڵدانی شۆڕشی کورد، زیاتر دەچێتە قۆناغی جەنگی ناوەخۆ و ململانێی و توندوتیژی و وێرانکاری و لەناوبردنی نەتەوەی کورد و چەوساندنەوە و زوڵم و ستەمی هەمیشەی وایکردوە، کوردستان ببێتە مەیدانی جەنگ.

### 6-2: لێکەوتەکانی جەنگ:

کاتێ باس لە جەنگ دەکرێت، یەکسەر مرۆڤ خەیاڵی بۆ وێرانکاری و کوشتن دەچێت. جەنگەکان زیانیکی زۆر بە مرۆڤایەتی دەگەیێنن. لێکەوتەکانی جەنگ هەر بریتیی نییە لە نەمانی جەنگاوەر و مرۆڤەکان، بەڵکو کۆمەڵیک لێکەوەتەی دی بەرۆکی مرۆڤ و ئایندەی مرۆڤ دەگرن. "جەنگ مرۆڤ دەکوژێت، سەرچاوەکان لە ناو دەبات، گەشەکردنی ئابووری دوادەخات، ژینگە تێکدەدات، نەخۆشی بڵاودەکاتەوە، حکومەتەکان فراوان دەکات، کۆمەڵگایەکان بە میلیتاریزە دەکات، شێوازی کولتووەرکان دەگۆڕێت، خێزانەکان تێکدەشکێنیت و هەڵدەوەشێنیتەوە، زیانی دەروونی بە مرۆڤەکان دەگەینێت." (احمدی، سیروس، 1395: 20). جەنگەکان مرۆڤایەتی بەرەو دڕندەیی و توندوتیژی درێژخایەن دەبەن.

"لە ڕوانگەی کوژراوانی مرۆڤەوە ئەوا سەدەی بیستەم بێشک شەڕاویترین قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە، لە ماوەی سەدەی ئێستاکەدا زۆرتر (100000000) ملیۆن کەس لە شەڕدا کوژران، بە شێوەیەکی ناوەنجی ڕۆژانە 3500 کەس زۆربەی زۆری ئەو تاکانەش لە هەردوو شەڕی جیهانیی کوژران". (گیدنز، ئەنتۆنی" 2009: 453).

لە ڕووی ئابووریەوە، زیانیکی زۆر بە سامانی نیشتمان و نەتەوە و خێزانەکان دەگات، جەنگ واتە پارە. پاریەکی زۆر لە جەنگدا خەرجدەکرێت، چەند جەنگەکە درێژخایەن بێت، لایەنی ئابووری تووشی داتەپین و وێرانی دەکات، زۆرجار جەنگەکان وڵات دەخەنە ژێر قەرزێکی زۆر.

لە ڕووی ژینگەوە، ژینگەی وڵات تێکدەچیت و دارستان و پاوانەکان دەسوتێندرێن، جۆرەها گیاندار و باڵندە و زیندەوەر لەناودەچن و پانتایەکی گەورە لە زەوی دەبنە شوێنی سەربازی و مەیدانی جەنگ و شوێنی مەترسیدار و پڕ بۆمب و پاشماوەی تەقەمەنی.

کارەسات و ڕووداوەکانی جەنگ، لایەنی دەروونی مرۆڤ دەشێوێنن، ژینگەی دەروونی تاکەکان نائاسوودە دەکات. ڕاستییەکەی "مرۆڤ یان کۆمەڵە مرۆڤێک تووشی خەم و مەینەتی و ئاژاوە و ماڵوێرانی و کۆچ و ڕەو و بریندارببوون و کوژران دەبن. سامان و دارایییەکانیان، تواناکانیان، خەون و خۆزگەکانیان، خەیاڵەکانیان بۆ داهاتوو، بیرکردنەوە و هەست و شعووریان دەدۆڕێنن" (عەلی، ئیدریس، 2009: 68)

لە جەنگدا، شتێک نامینێت بە ناوی ڕەوشت و بەهای مرۆڤایەتی، لێکەوتەی کولتووری و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و داتەپینی ژێرخان و سەرخانی وڵات و لە پێشکەوتنی شارستانیەت دوادەکەون و سەرجەم مرۆڤەکان باجەکەی دەدەن. ژن و منداڵیش، کە هیچ ڕۆڵیان لە هەڵگیرساندنی جەنگ نییە، وەلێ ئەو قوربانی یەکەی جەنگن.

(د. ئارەزوو نستانی) دەڵێت: "لە هەموو ئەو دەرکەوتە کارەستبارانەی لە جەنگەکان دەکەوێتەوە وەک کوشتن،

بریندارکردن، ئاوارەکردن، دەستدرێژی جنسی، برسیکردن و تد. ئەوە ژنان و منداڵان کە زیانمەندی سەرەکین... لە تاوانەکانی ژینۆساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتی ژنان و منداڵان پشکی شێریان بەردەکەوێت." (شاماران، 2724: 5-6).
ڕووداوی جەنگ، بەدەر لە کوشتن و ماڵوێرانی، لێکەوتەی خێزانی و پەروەردەیی و ئابووری و سیاسی و ژینگەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەژاری و دواکەوتووی و ئاوارەیی و بێماڵیٰ ...تد لێدەکەوێتەوە.

### 3: چەمک و پێناسەی ژینگە:

لەبەر ئەوەی ژینگە زۆر کۆنە و ڕەهەندی فراوان لەخۆ دەگرێت و لە مەزنبوون و گۆڕانکاری دابووە، ڕەنگە ئەمە نەک بۆ مرۆڤ بۆ ڕووەک و زیندەوەرانی دیکەش ڕاست بێت، هەر ژینگەیەک، تایبەتمەندیەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ژیانکردن.
ژینگە لە لە ناوی (ژین)+ پاشگری (گە) پێکدیٰ. واتە شوێنی ژیانکردن. لە زمانی عەرەبی ئەو مانایانەش دەدات. "بيئة: شوێن، ژینگە، بارەگا، نزرگە، وەتەن، شوێنەوار، دەوربەر، ناوچە، خانوو، ماڵ، نیشتگە، مەڵبەند" (نظام الدين, فاضل, 2007: 69)؛ "البيئة: ژینگە، دەورووبەر" (عەبدوڵڵا، حەیدەر، 2013: 111). هەروەها ژینگە "جێگەی ژیان، (جای زيستن)" (ناهيد، محەمەد، 2011: 490). لە زمانی کوردی وشەکە فراوانە و بەچەندین مانا بەکاردێت. بەدەر لە مرۆڤ کە لەسەر زەوی دەژیت، دەبێتە شوینی ژیان بۆ ڕووەک و گیانەوەر، ژینگەی ئاویش دەگرێتەوە. (ژینگە_ژینگەە) چەند زاراوەی دیش بەکاردێن وەک سروشت، ژینگەی سروشتی، زانستی ئیکۆلۆژی، وەلیٰ جیاوازی لە نێوانیان دا هەیە. لە زمانی ئینگلزیش پەیڤی (Environment) بە مانای سروشت و دەورووبەر و ژینگە بەکاردێت.
"ژینگە بریتییە لە ژینگەی دەورووبەری مرۆڤ، کە هەموو لاینە مادی و نامادییەکان لەخۆ دەگرێت چ مرۆڤ و نامرۆڤ، ژینگە واتە ئەوەی لە دەرەوەی بوونە مرۆیەکان و هەموو ئەو بوونانەی دەوریان داوە" (سعيد، دارا محمدامين، 2015: 30).
ئەو شوێنەی پەیوەستە بە ژیان و گەشەکردن و بەدەستهێنانی خۆراک و کەرستەکانی ژیان، تێدا هەست بە ئارامی و خۆشی بکات، مەترسی زیندەوەرانی دی لەسەر نەبێت. "(گاوتا هابودا) حەکیمی کۆن و فەیلەسووفی گەورە کە پەناگەی بە (سەرچاوەی بەختەوەری) وەسف کردووە. ڕەنگە ئاگاداری ئەوە بێت کە کەسێک ماڵی نەبێت توانای گەشەکردنی نییە لە ڕووی سۆزداری و ڕۆحی بە تەواوی گەشەی سەندووە" (عوض, عادل رفيقي, 1995: 64). لێرە ماڵ بۆ مرۆڤ وەک پەناگەیەک بۆ ئاسوودەی سەیر کراوە، یان بۆ خۆپاراستن لە دڕندە و گیانەوەری دیکە. بۆ باڵندە و زیندەوەرانی دیکەش بە پێی ژینگەی وشکانی، ئاوی، دارستان، بیابان، زیندەوەرانی ژێرزەوی، جۆری ژیانی ئەو زیندەوەرانەی کە هەر یەکی تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ ژیان و مانەوە و زاوزێکردن و گەشەکردن.
"ژینگە بەمانای سروشت و پێکهاتەکانی ئاو و هەواو، خاک، ئاسمان و ئەو گیانلەبەرانەی تێدا ئەژین ئەگرێتەوە، هەروەها ژینگەی دروستکراو ئەو ژینگەیە کە مرۆڤ لە ژینگەی سروشتی دروستی دەکات." (شوانی، هێمن ئەمین جەلال، 2023: 74_75).
ئەو ژینگەی خوا بە مرۆڤ و زیندەوەران و ڕووەکی بەخشیووە، مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕیتەوە، پەیوەندیەکی پتەویش لە نێوان ئەو زیندەوەرانە بوونیان هەیە، وەک سیستەمی ژینگە یەکتر تەواو دەکەن. مرۆڤیش، بۆ مانەوە و خۆپارێزی بە دوای ژینگەی ئارام گەراوە و خۆی ژینگەیەکی بۆ ژیان هەڵبژاردووە و پەرەی بە تواناو هێزی خۆی داوە و پەیوەندیە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی فەراهەم کردووە. لەگەڵ گەشەکردنی ژیان و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، هەنگاوی باشتری ناوە و لە ژینگە سەرەتایی و بچووکەکەی هەنگاوی ناوە بۆ شارستانیەت و کۆمەڵگەی جیاواز.
چەمکی ژینکە بەسەر دوو توخمی سەرەکی دابەش دەبیٰ: توخمی سروشتی کە پێی دەوترێت ژینگەی سروشتی، واتە هەموو ئەو توخمە سروشتیانەی لە دەوری مرۆڤ هەن. مرۆڤ لە بونیدا هیچ تێوەگلانیکی نییە، توخمی مرۆیی پێی دەوترێت ژینگەی مرۆیی، واتە مرۆڤ و دەستکەوتەکانی لە چوارچێوەی ژینگەی سروشت خۆیە و دروستی کردووە. لە کۆی هۆکارە سروشتیی و بایەلۆژی و کولتووری و کۆمەڵایەتیی و ئابووریەکان لە هاوسەنگی دەرچوون و کاریگەریان لەسەر خودی مرۆڤ و زیندەوەرانی دیکە هەیە، جا هەندیٰ کات ڕاستەوخۆیە یان ناڕاستەوخۆیە. (سعيد، دارا محمدامين، 2015: 30_31).

ژینگە ئەو لاینە جۆراوجۆرانە لەخۆ دەگریت کە دەوری مرۆڤ و زیندەوەرو بێگیان و هەموو ئەوشتانەی لە دەرەوەی مرۆڤە. لە دۆخی سروشتی خۆیدا، بەو هەوایە هەناسە دەدات، ئەو ئاوەی دەیخواتەوە و ئەو خواردنانەی لە زەوی بۆ دابینەکرێت بۆ ئەوەی بیخوات یان ئەوەی لە ڕووەک و ئاژەڵەوە بەرهەم دێت. لە ڕووی خۆراک و جلوبەرگەوە و ئەوەی لێیانەوە دەردەچیت، شوێنی نیشتەجێبوونی ماڵ و شوێن و وزەی خۆیەتی. لەبەرئەوەی ژینگە ئەو چوارچێوەیە مرۆڤ تێدا دەژیت و ژیان و چالاکی خۆی تێدا بەڕێوەدەبات؛ واتە ژینگە ئەو بوارەیە کە ژیان و پێکهاتەکانی خۆی ئەنجام دەدات، وەک ئاوهەوا و زەوی و ڕووەک و ئاژەڵ و زیندەوەرەکانی دیکە، ئیدی ئەمە ئەڵقەیەکەو هیچ لە زیندەوەران ناتوانی بە بێ یەکتر بژین. (الحفیظ, د. عماد محمد ذیاب, 2005: 17)

"لە ڕووی زانستییەوە وشەی ژینگە نیشانەیە بۆ هەموو ئەو ئەو فاکتەر و هۆیە بینراو و نەبینراوانەی کە دەوری بوونەوەرە زیندوەکانیان لە جیهاندا داوە" (شوانی، هێمن ئەمین جەلال، 2023: 74).

مرۆڤەکان هەر لەزوو ماڵیان هەبووە، وەک یەکەم شوێن بۆ مانەوە، تێدا ژیان بکەن. ماڵەکانیش بەیەکەوە زۆردەبن و ژینگەی گەورەتر و ئاڵۆزتر دروستدەکەن. ئیدی ئەم گۆی زەوییە، ژینگەی هەموو مرۆڤ و زیندەوەرەکانە، تێدا دەژن. "ماڵ بە بچووکترین ژینگە دادەندرێت بۆ تاک دواتر ژینگە فراوان دەبێت و دەبێتە گەڕەک و گوند و شار و نیشتمان و تد. پاشان هەسارەی زەوی و دەوروبەری. ژینگە کاریگەری لەسەر گەشەکردنی تەندروستی و ژیان هەیە" (مزاهرة، د. أیمن سلیمان، الشوابکة، د. علی فالح، 2003: 191).

سروشتی مرۆڤ وایە، بۆ مانەوەی خۆی، هەمیشە بە دوای ژیانی باشتر و خۆشتر دەگەڕیت. ئەو شارستانیەتی ئەمرۆ هەیە، بەرهەم و خەون و ماندووبوونی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە ژیانیکی پێشکەوتوو. ژیانی خۆشیش بە هەبوونی ژینگە و ئەو خاکەیە لەسەری دەژێت. زەویش نەک هەر بۆ مرۆڤ بۆ زیندەوەرانی دیکەشە و پێویستی بە پاراستن و خزمەتکردن هەیە. ئەوەی بە هانای زەویەوە بێت هەر مرۆڤە و بۆمانەوەی خۆی دەبێت خاک و ئاوهەوا و ژینگە و سروشتەکەی بپارێزێت. مارکس لە کتێبی دەستنووسە ئابووریی و فەلسەفییەکانی 1844دا نووسیوەیەتی: "سروشت پەیکەری مرۆڤە و ئەگەر مرۆڤ نەیەوێ بمرێ، دەبێ بەردەوام لەگەڵ سروشتدا لە ئاڵوویردابێ، پێکەوە گرێدراویی ژیانی و مرۆڤیش، بۆ خۆی بەشێکە لە سروشت." (حمد، کارزان قادر، شوانی، دانا لطیف جلال، 2022: 405).

## 1-3: ڕەخنەی ژینگەیی:

دوای ئەوەی ژینگە بووە پرسێکی جیهانی و مەترسییەکانی ئاشکرابوون. خەمخۆران و توێژەرانی بواری ژینگە لە ڕێگەی بەرنامە و ناڕەزایی و کتیب و گۆڤاری زانستی و توێژینەوە و کۆنفراسی نێونەتەوەیی، پرسەکە بەهای خۆی وەرگرت لەسەرجەم بوارەکان بەسەرکرایەوە و لە چەندین جۆر خۆی دۆزیەوە.

زانای بایۆلۆژی (ڕاچەڵ گارس) لە (بەهاری بێدەنگ) لە ساڵانی شەستی سەدەی بیست لە ئەمەریکا چاپکرا، کاریگەری لەسەر ڕۆشنبیران و نووسەران و ژینگەدۆستانی ئەوسا هەبوو، باس لە مەترسییەکانی پیسبوون و پیشەسازی و سەرچاوە کیمیاوییەکان دەکات. ئاگادارکردنەوەی خەڵک لەو بابەتانەی کە بوونەتە هۆی قڕکردنی مێرووکوژ و پیسی هەوا و ژینگە و باڵندە و باسکردنی کارە پیشەسازییە کیمیاوییەکان و بەشێوەیەکی نەرێنی خستە بەرباس، ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە لەناوبردنی مێروو و باڵندە و پیسبوونی هەواو ژینگە. ئەمە وایکرد بەهۆی ئەم پەرتووکە بەشداربێت لە دامەزراندنی بزوتنەوەی ژینگەیی لە جیهان و ڕۆژئاوا، هەروەها کاریگەری هەبوو لەسەر ئەدەب و وایکرد لەمەودوا لەبەرهەمی خەیاڵی خۆیان ژینگە بەهەند وەربگرت و ئاوڕی لێبدەنەوە. (جواری، محمد حسین، 1397: 130).

ڕابەرانی ژینگە بەوە نەوەستان، تەنها لە ژینگەی مرۆڤ و گۆی زەوی بکۆڵنەوە، بەڵکو زیندەوەران و گیانداران و باڵندە و مێروو و ڕووەک و ژینگەی ئاوی و دارستان و بیابان و جەمسەرەکانی گۆی زەویش بەهەند وەربگرن. واتە بەتەنیا لە خەمی مرۆڤ دانەبوون، خەمی ئەو زیندەوەرانەی دیکەش کە سیستەمی ژینگە (ئیکۆسیستەم) پێکدەهێنن. بە لەناوچوون و کەمبوونی ئەو ڕووەک و زیندەوەرانە، زیان بە مرۆڤ و سیستەمی ژینگە دەکەوێت. بۆیە هەر زوو وڵاتانی پێشکەوتوو، هاتنە مەیدان. "لە کۆنفرانسی نیودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بارەی ژینگەیی مرۆیی 1972 کە

ڕاگەیاندنی بەرنامەی ژینگەیی نەتەوەیەکگرتووەکان (UNEP)ی لێکەوتەوە بە دەسپێکی ئەو هەوڵە دادەندرێت کە لە کۆتاییا پرسی ژینگە و مرۆڤ دەخاتە چوارچێوەی بەرنامەکانی پەرەپێدانی بەردەوامەوە" (فەتاح، ڕێبین، 2022: 43-44).

پرسی ژینگە بووە پرسێکی جیهانی، کۆمەڵێک دەستکەوت و جووڵانەوەو کۆمەڵەی جیاواز لەم لایەنە هاتنە دی و چالاکی گەورەیان نواند. هانی خەڵکیان دەدا لە مەترسییەکانی ژینگە و هوشیاریان دەکردنەوە، وڵاتە گەورەکان ئەوانیش زوو لەو مەترسییە گەیشتن و هەنگاوی مەزنیان هاویشت. "لە ساڵی 1963، 300 هەزار هاووڵاتی ئەمریکی لە ڕۆژی جیهانی زەویدا هاتە سەر جادان و خۆپیشاندانیان کرد و نارەزایەتی خۆیان نیشاندا لەبەرانبەر مەترسییەکان لەسەر ژینگە... لە ساڵی 1970 (ئیدوارد هیس) سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتەی بەریتانیا بۆ یەکەمجار وەزارەتێکی بۆ ژینگە دانا." (زێباری، بەختیار، 2023: 12)

ژینگە لەسەرجەم بوارەکان توێژینەوەی لەسەر کراو لقی جیاوازی لێکەوتەوە، لە چەندین بواری جیا، بەشێوەیەکی زانستی لە ژینگە و زیندەوەران و ڕووەک و شوێن و ژیان و خواردن و ئەو ژینگەیەی تێدا گەشەدەکەن و بەسەرکرانەوە، ئەو هۆکارانەش دەستنیشان کران کە بونەتە هۆی لەناوچوونی ئەو زیندەوەرانە و تێکچوونی سیستەمی ژیانیان. زانستی ژینگە (علم البیئە) گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. دەتوانین بڵێین: "ئیکۆلۆژی یەکێکە لە لقە گرنگەکانی بایلۆجی دادەندرێت، توێژینەوە لە زیندەوەرە زیندووەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی ژینگەیی ئەوان دەکات، ئەو زانستە پێناسە دەکرێت لە پەیوەندی هۆکارە زیندووەکان (ئاژەڵ و ڕووەک و وردە زیندەوەران) لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ هۆکارە نازیندووەکانی دەوروبەریان دەکات" (بوران، د. علياء صاتوغ، ابوديه، محمد حمداف، 2003: 9).

زانستی ژینگە، بەشێوەیەکی زانستیانە و ئاوڕ لەم لایەنانە دەداتەوە، کە ژینگەی جیاواز لەخۆ دەگرن. هەریەک لەم ژینگانە تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەپێی ئەو ژینگەیە دەبێ توژینەوەکان ئەنجام بدەین. "ڕەهەندەکانی زانستی ژینگەیی بەم شێوەیە دابەشبووە: " (مزاهرة، د. أيمن سليمان، الشوابكة، د. علی فالح، 2003: 18_20).

1- ژینگەی سروشتی Physical Environment

2- ژینگەی دەستکرد Man Made Environment

3- ژینگەی کۆمەڵایەتیی Environment Social

4- ژینگەی جوانیناسی و ئەخلاقی Environment Ethetic

5- ژینگەی ئابووری Environmen Economic"

ژینگەش بە پێی کات و سەردەم گۆڕانکاری بەسەردادێت و جۆرەها ژینگە بوونی هەیەو لە ئێستا دا فراوانبوونی ژینگە، دەتوانین وا پۆلین بکەین:

"1. ژینگەی سروشتی. 2. ژینگەی مرۆیی (دەستکرد، شارستانیەت). 3. ژینگەی کۆمەڵایەتی. 4. ژینگەی دەروونی. 5. ژینگەی ڕۆشنبیری. 6. ژینگەی کولتووری. 7. ژینگەی ئایینی. 8. ژینگەی سیاسی. 9. ژینگەی ئابووری. 10. ژینگەی پیشەسازی. 11. ژینگەی تەندروستی. 12. ژینگەی تەکنەلۆژی و تد." (عەبدوڵڵا، سۆران مامەند، 2022: 15).

بۆ ڕەخنەی ئیکۆلۆژی چەند دەستەواژە و زاراوەی جیاواز بەکارهاتوون، هەر وڵاتێک بەشێوەیەک بەکاری هێناوە:

" _ لێکۆڵینەوەی کولتووریی سەوز (الدراسات الثقافية الخضراءGreen Cultural Studies). _ شیعریەتی ژینگەیی (الشعريه البيئيةEco Poetice ). _ ڕەخنەی ئەدەبی ژینگەیی (النقد البيئى الأدبي Environmental Literary Criticism). _ ڕەخنەی سەوز (النقد الخضراء Green Criticism). (محەمەد، پ.ی. د. فوئاد ڕەشید، 2018: 432).

بەکارهێنانی وشەکە بە چەند شێوەیەک، بە هۆی بەکارهێنانی لە لایەن چەند وڵاتێک و دواتر خودی بوارەکەش تازەیە، ئەمەش وایکردووە وشەکە مانایەکی قووڵ لەخۆ بگرێت. هەم چەمکی (ڕەخنە) و هەم (ژینگە) فرە ڕەهەندە، دەچێتە نێو زۆر بواری دیکە. بڕوانە شیعریەتیی ژینگەیی، ئەمە بۆ توێژینەوە لە شیعر گونجاو بێ؛ ڕەخنەیی سەوز و کولتووری سەوز، زیاتر خۆی لە ئایدۆلۆژیا و سیاسەت و حیزبی سەوز دەگرێتەوە، کە زۆر لەو وڵاتانە بوونیان هەیە. بۆ ئەم توێژینەوەیە ئێمە (ڕەخنەی ژینگەیی) بەدروستتر دەزانین. هەر بۆ بواری (ڕەخنەی ئەدەبی ژینگەیی)ش دەگونجی. هەر

خودی کاری ڕەخنەیە لە بواری ژینگەناسی بە جۆر و ڕەوتەکانیەوە. هەروەها "(شێرڵ گلۆتفیلتی و هارۆڵد فرۆم) چەمکی ڕەخنەی ژینگەییان پیباشترە. هەم کورتە و هەم بە ئاسانی لە ناو ئاوێتەکانی وەک هەڵوێستی ژینگەیی و ڕەخنەگرانی ژینگەییدا بەکاردەهێندرێت" (محمود، مهدی احمد، 2022: 59).

وشەکەش وەک زۆربەی چەمک و زاراوەکانی دیکە لە بواری زانستە مرۆییەکان، چەندین پێناسە و ڕاو بۆچوونی لەسەر وتراوە. پێکهاتووی وشەکە بەم شێوەیە: "ڕەخنەی ئیکۆلۆژی (ئیکۆکریتیزم Ecocriticism) لە دوو وشەی (Eco) ئیکۆ لە کورتکراوەی (ecology) وشەی critic)) کریتیک لە زمانی یۆنانیەوە هاتوون لە وشەکانی (oikos) و (kritis)ەوە" (عەبدوڵلا، سۆران مامند، 2022: 60).

ئێمە چەند پێناسەیەک هەڵدەبژێرین، لە بواری ئەدەب و ژینگە. چونکە کاری ئێمە، وێڕای شرۆڤەکردنی لایەنی ڕۆشنبیری و ئەدەبیەکە، شیکردنەوەیەکیشە بۆ وەسفی سروشت و کار و بەرنامەی ڕۆشنبیری و کولتووری و سیاسیانەی کە لەنێو دەقە ئەدەبییەکە هەن. ڕاستییەکەی ئەم جۆرە ڕەخنەیە جۆرێکە لە بواری مەعریفە و تێکەڵ بە زۆر لایەنی وەک مێژوو و دەروونی و کۆمەڵناسیی و فەلسەفە و ئەخلاق و زیندەوەزانی و چەندان ڕەهەندی دیکە و ئەمەش کاری ڕەخنەی ژینگەیی ئەم گران دەکات و هەم وەک پەیامێکی مرۆڤایەتی، هوشیار و مەترسییەکانی بۆ سەر ژینگە و سروشت بڵاو دەکاتەوە.

هیکیل لە 1866 بۆ یەکەم جار واژەی ئیکۆلۆژی بەکارهێنا، ئەوها پێناسەی کردووە: "زانستی پەیوەندییەکانی نێوان بوونەوەرە زیندووەکان و لەگەڵ جیهانی دەوروبەریان" (فۆستەر، جۆن بلامی و ئەوانی دیکە، 2023: 75). ئەم پێناسەیە بەدەر لە مرۆڤ بوونەوەرەکانی دیکەش دەگرێتەوە، لەگەڵ جیهانی دەوروبەریان ئەو شوێنەی مرۆڤ و ڕووەک و زیندەوەرەکان تێدا دەژین. (چێرلی گلۆتفیلتی- (cheryll (glotfelty پێیوایە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی "بریتییە لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب و ژینگەی مادی" محەمەد، پ.ی. د. فوئاد ڕەشید، 2018: 433). (توسیل) لە پێناسەیەکی هاوشێوەدا، دەبێژێت: "ڕەخنەی ئیکۆلۆژی گرنگی بە پەیوەندی نێوان ئەدەبیات و ژینگە، یان چۆن ڕەنگدانەوەی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی فیزیکی لە ئەدەبیاتدا دەدات" (عەبدوڵلا، سۆران مامند، 2022: 66). زیاتر گرنگی دەدات بەپەیوەندی نێوان ئەدەبیات و ژینگە و سروشت و مرۆڤ. کەواتە ڕەخنەی ژینگەیی لە ژێر سایەی تیۆرێکی ژینگەییدا گرنگی بە توێژینەوەی دەق و گوتارە ئەدەبییەکان دەدات، لە ئەنجامیشدا، دڵسۆزانە ڕێنوێنیمان دەکات بۆ ئەوەی بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ژیان و جیهان و ژینگەی دەوروبەرمان بکەین و ئاگامان لێی بێت. دەتوانین بڵێین "ڕەخنەی ئیکۆلۆژی پتر ڕەخنەیەکی فەلسەفییە، زیاتر گرینگی بەناوەڕۆک و پەیامی دەق دەدات، نەک لایەنی ئیستاتیکی دەق" (محەمەد، پ.ی. د. فوئاد ڕەشید، 2018: 435).

ڕەخنەی ئەدەبی بە بایەخەوە دەڕوانێتە دەق و گوتارە ئەدەبییەکان و بگرە هونەرییەکانیش، لە ڕۆڵ و پێگە و بایەخی سروشت و ژینگە و شوێن و دەوروبەر و زەوی و ئاسمان دەکۆڵێتەوە، پەنجە دەخاتە سەر کێشە و گەنگەشەکانی ژینگە.

### 2-3: فێمینیزمی ژینگەیی (ئیکۆفێمینیزم):

کاتی قسە لەسەر ژینگە و سروشت و زەوی دەکەین، دەبێت ئاوڕێک بۆ دەسپێکی مرۆڤایەتی بدەینەوە، واتێنەگەین ئەوەی ئێستا گرینکی بەو لایەنە دەدرێت و لە پێشدا ئەمە نەبووبێت. "مرۆڤە سەرەتاییەکان کە هەندێک دەڵێن مرۆڤەکانی بەر لە عەسری پیشەسازی، هەستیاری و هەستی بەرپرسیاریەتی و چاودێری زۆریان سەبارەت بە جیهانی دەوروبەری خۆیان بووە" (ڤینسینت، ئەندۆ، 2007: 384). ئەوان لە باوەشی سروشت گەورە دەبوون و ژیانیان دەکرد، بۆ پاراستنی خۆشیان، گرینگیان بەو شوێنە داوە تێدا ژیاون، مامەڵەیەکی تەندروستیان لەگەڵ کردووە، بەپێی ئەو داب و یاسا و کولتوورە کۆمەڵایەتییەی هەبووە، خۆیان گونجاندووە. دەبینین پارستن و گرینگیدان بە ژینگە، هەر لەسەر ڕەگەزی پیاو نەکەوتۆتەوە، شانبەشانی ئەمەش، ژنیش ئەو ڕۆڵەی هەیە. ئەمەش وایکرد، ژنان و خەمخۆرانی ژینگە بێنە مەیدان و ئەسپی خۆیان لەو مەیدانە تاوبدەن؛ ڕەوتێکی تایبەت بە خۆیان لە بواری ژینگە بگرنە بەر و ڕەنگ و دەنگ و سەنگی خۆیان هەبێت، ئەویش ئیکۆفێمینیزم بوو.

"زاراوەی (ئیکۆ_فێمینیزم) بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1974 لە لایەن فێمینستێکی فەرەنسی بەناوی فرانسیس ئیڤین بەکارهێنرا. لە ساڵی 1974 فرانسواز دۆبۆن دەستەواژەی فێمینزمی ئیکۆلۆژی بەکارهێنا بۆ ئەوەی گرینگی بەهێز و توانای ژنان بدات بۆ دروستکردنی شۆڕشی ئیکۆلۆژی" (پارساپۆر، زەهرا، 1400: 29).

ڕێکخراوەکانی ژنان و کاریگەری و ڕۆڵیان لە بەرەو پێشەوەچوونی ژینگەیی ژنان دروستکرد، هەمووان دان بە بایەخی بەشداری چالاکییەکانی ژنان لە بەڕێوەبردن و ژینگە و گەشەسەندنی بە لەبەرچاوگرتنی ژنان کە بنەمایەکی گەورە و هەمیشەیی و پێویستن. بە ڕێژەیەکی زۆر بۆ پاراستنی ژینگە و پاراستنی مافە سامانە سروشتییەکان. ساڵی 1984 بەرنامەی ژینگەیی نەتەوەیەکگرتووەکان دەستی کرد بە جێبەجێکردنی هەڵمەتێکی فراوان بە مەبەستی هاندانی ژنان و وەرگرتنی ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیی لە بواری بەڕێوەبردنی ژینگەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژەکان و گەیاندنی هوشیاری ژینگەیی لە جیهان. سەبارەت بە فراوانکردنی ڕوانگەیی ژینگەیی و فراوانکردنی بازنەی ژنان و پێشخستنیان بە شێوەیەکی چالاک و کاریگەر. (عوض, عادل رفيقي, 1995: 64).

ژنان لە زووەوە لەگەڵ سروشت و ژینگە ئاوێزان بووینەو لەگەڵی گوزەرانی کردووە و بە ڕۆح و جەستە لەگەڵی ژیاوە و سەرچاوەی خۆراک و پێداویستییەکانی خێزان و ماڵ و ژیانەی ڕۆژانەی بەردەستخستووە. هەر لە ژیانی سەرەتایی و ئاژەڵداری و کشتوکاڵیدا، متووی ئەو ژینگەیە بووە، کە تێدا ژیاوە و پاراستوویەتی. (پلام وود) دەڵێ: "هەر لەسەرەتاوە ڕوون و ئاشکرایە کە بەڵگەی فێمێنستی (ژینگەناسەکی) و ئاشتیخوازی، لەسەر بنەمای پێوەندی تایبەتی ژنانە لەگەڵ سروشت، یان لەسەر بنەمای تایبەتمەندیەکانی ئاشتیخوازانەیە و وەک دەڵێن ئەوە بەشێکە لەو ئامانجە ئینسانییەی کە دەبێ جێی ئامانجی هەنووکەیی بگرێتەوە." (شوجاعی، مەنسوورە، 2011: 94).

ڕاستییەکەی پەیوەندی بەردەوام و پتەوبوونی ئەو پەیوەندییە لە نێوان سروشت و ژن، بەشێوەیەکی سروشتی و جوان بەڕێوەچووە، بنەمایەکی ڕێز و نەرم و ئاشتیخوازی لەخۆگرتووە. "یەکێک لە بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی فێمێنیزمی ژینگەییە. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمین جار نووسەری فەرەنسی فرانسواز دۆبۆن، بەکاری هێناوە بە واتای پەیوەندی نێوان ژن و سروشت دێت" (محمود، مهدی احمد، 2022: 142). بۆیە زۆر کەس لەو باوەڕەن ئەوانەی بە ڕق و خراپە مامەڵە لەگەڵ سروشت و ئەو شوێنەی تیادەژن دەکەن، هەمان مامەڵەی خراپیش لەگەڵ خودی ژنیش دەکەن، کە هەردووکیان بە مانای ژیان دێن. (کینگ) دەڵێ: "ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە فەرهەنگی دژە سروشت فەرهەنگی دژە ژنیشە." (شوجاعی، مەنسوورە، 2011: 94). بۆیە ژینگە وەک دایکی مرۆڤایەتی سەیردەکرێت. بەرهەمهێنەر و ژیانە نەک هەر بۆ مرۆڤ، بەڵکو باوەشی خۆی بۆ زیندەوەرو ڕووەکیش کردۆتەوەو هەزاران ساڵە لانکەی ژیانە. ئەو ژینگە و زەوییەی ئێمەی لەسەر دەژین، سیفەتی ژن و دایکی هەڵگرتووە. ئازاردانی ئەو زەوییە، ئازاردانی دایکی خۆمانە. (پلانت) تیۆرڤانی ئیکۆ فێمینیزم، دەبێژیت "دەستدرێژیکردنە سەر زەوی لە زۆر ڕووەوە میتافۆرێکە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ژن" ؛ (ئاریەل)یش پێیوایە "هەمان ئەو کردە پیاوسالاریەی ژینگە پیس دەکات، لە چەوساندنەوەو دەستدرێژی بۆ سەر ژنان بەرپرسە" (فەتاح، ڕێبین، 2022: 36).

"ئیکۆفێمنیزم لە واتای گشتگیری خۆیدا، خوازیاری کۆتایی هێنان بە چەوساندنەوەیە لە هەموو ڕوویەکەوە لەسەر ئەو باوەڕەیە، تێکۆشان بۆ ئازادی ژنان، هاوتا لەگەڵ چەوساوەکانی دیکە، لەگەڵ تێکدانی ژینگە تێکەڵاوەییەکی واتایان هەیە. ژن و ژینگە بەدەستەیەک دوژمنی هاوبەشەوە دەناڵێنێت، ئەویش عەقڵیەتی داگیرکارییە" (سۆهرابی، مەنسوور، 2720: 93).

وەک چۆن چەوساندنەوە و داگیرکاری لەدێرزەمانەوە بۆ سەر زەوی هەبووە لە لایەن مرۆڤەوە داگیرکراوە، ئەوهاش چەوساندنەوە و جیاکاری و زوڵم لە ڕەگەزی ژن کراوە لە لایەن خودی پیاوەوە. زەوی و ژن هەمیشە بەدەست پیاوەوە ئازاری زۆریان چێشتووە، لەبەر ئەم زوڵمەشە، ڕابەران و ژینگەدۆستانی ژن، لەو پەیوەندییە مێژوویەی نێوان ژن و سروشت شرۆڤەدەکەن و تا ئێستاش ئەو هوشیارەییە وەک پێویست نییە، ژنان بە هوشیاری و تێڕوانینێکی ژنانە بۆ ئەم بابەتە دەڕوانن و بەهەند وەردەگرن. "ئیکۆفێمینیزم بەشەکە ژ فێمینزمێ، ڤەکۆلینێ ل پەیوەندیێن د ناڤبەرا ژن و سروشتێدا دکەت، ئیکۆفێمینیزم پێگیر بوونە بەرامبەر سروشتێ و هشیاربوونە ل دور پەیوەندیا دناڤبەران ژن و

سروشتێدا" (شوکری، شەنگ سامی شاە کەرەم، 2022: 56).

"سەرهەڵدانی ئیکۆفێمینزمی لە ناوەڕاستی دەیەی 1970دا، وەک شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم، بە تەنیشت شەپۆلی دووەمی فێمینیزم، بزووتنەوەی سەوزەوە دادەنرێت. لەم ڕوانگەیەوە کە ئیکۆفێمینیزم توخمەکانی بزووتنەوەی فێمینستی و سەوزەکان پێکەوە گرێ دەدات" (فەتاح، ڕێبین، 2022: 14). سەرهەڵدان و بەگەرخستنی ئەو تەوژمە ژینگەناسییە لە لایەن خودی ژنانەوە، وەک شۆڕشێک بۆ خۆیان و پاراستنی ژینگە و سروشت و هێنانە کایەی ئەو سیاسەتە بەرفراوانەی کە بۆ ڕزگاربوون لە چەوسانەوە و دەستدرێژی و خواردنی ماف و ڕێگری کردن لە ئازادییەکانی ژن، شکۆ و بایەخی خۆی بەدەستهێنا. "لە ساڵی 1974 فرانسواز دێون، فێمینیستی ڕادیکاڵی فەڕەنسی، چەمکی ئیکۆفێمینیزم (ecofeminisme)ی لە دەقی بنیاتی خۆی (le feminisme ou la mort)) دا کۆکردۆتەوە، مەبەستی ئەوە نیشاندانی پەیوەندییەک بوو لە نێوان ئەو ستەمەی بەرانبەر ژنان و ئەو دەستدرێژیانەی دەکرێتە سەر سروشت" (فەتاح، ڕێبین، 2022: 12).

ئیکۆفێمنیزم، وەک شۆڕشێکی وشیاری و چالاک، بۆ کۆمەڵگا و ڕەوتی ژنان. پەرۆشبوون بۆ ژینگە و ئەو سروشتەی تێدا دەچەوسێندرێتەوە، ئەمە زیاتر ڕووبەڕووبونەوەیەکی ڕەگەزی بوو بەرانبەر خودی پیاو. بەتایبەتی قۆرخکردنی بازاڕ و بەدەستگرتنی سەرمایە و داهات و بەرهەمهێنان، ژنان وەک پلەی نزمتر خرانە دەرەوەی کۆمەڵگا و چەوساندنەوەی بەردەوام بەشێوەی جۆراوجۆر. "لە ڕاستیدا ئیکۆفێمنیزم، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا و داگیرکاری... تێکدانی سروشت کە هۆکارەکانی کۆمەڵگای پیاوسالاری و کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان و سەرمایەدارییە" (سۆهرابی، مەنسوور، 2720: 93).

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پیشەسازی و گەشەسەندنی تەوژمی سەرمایەداری و دەستکەوتنی قازانجی زێدەتر، ئەمە وایکرد مرۆڤ پەلوپۆی بۆ هەموو شوێنێکی دونیا بهاوێت و سوود لە بەرهەمەکانی سروشت وەربگرێت و لەهەمانکاتیش، سروشت و ژینگەش ببێتە هۆی وێرانکردن و شێواندن و سڕینەوە. (ئینسترا کینگ): "ئێمە شایەدی وێرانبوونی زەوی و بوونەوەرەکانین بەدەست دلێرانی ولاتانی جۆراوجۆر، هەروەها شایەدی هەڕەشەی ئەتۆمی لە لایەن شەڕکەرانی چەکداری جیهانەوەین و ئەمەش مایەی پەشۆکاوی و نیگەرانی ئیکۆفێمێنیستەکانە." (شوجاعی، مەنسوورە، 2011: 94).

مرۆڤایەتی شایەدی ئەوەن، ئەو زوڵم و ستەمەی بەرانبەر بە ژینگە و زەوی و گەردوون و ئاسمان دەکرێن، ڕەگەزی پیاو ئەنجامی داوە. جەنگ و دژایەتی مرۆڤ و لەناوبردنیش هەر لە ئەستۆی پیاوان بووە و ئەوان بوونەتە کێشەی گەورە بۆ سروشت و مرۆڤایەتی. ژنانی ژینگەدۆست و خەمخۆرانی ئەم بوارە بەچەندین قۆناغی جیاواز، ئایدیا و ڕەوت و تیڕوانینی نوێ، دەڕوانە ئیکۆفێمنیزم و خەبات و کار و چالاکییەکان. بۆیە "ڕەچەڵەکناسانی ئیکۆ فێمینیزم بۆ چوار جۆر پۆلین دەکەن: ئیکۆفێمینزمی لیبراڵ، کولتووری، کۆمەڵایەتی، سۆشیالیستی، بەڵام (ڤاڵ پلومود) دوو جۆر لەمانە بەسەرەکی دادەنێت، ئەوانیش کولتووری و کۆمەڵایەتین" (پارساپۆر، زەهرا، 1400: 30).

لە دیدی پیاوانەوە، لەگەڵ ئەو کولتوورەی هەیە، هەمیشە پیاوان زاڵبووینەو وەک سەرپەرشتیار و بەخێوکەرو باڵاتر مامەڵەی لەگەڵ سروشت و زەوی و ژن کردووە، ژێردەستە و نزمتر لە ئەو. یان باڵادەستی ئەو بەشێوەیەکی بەردەوام لەپەرەسەندن دابووەو ئەو مێژووە زۆرەی مرۆڤایەتی، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. "وەها دادەندرێت کە سروشت و ژن هەردووکیان لە ئاستێکی نزمتری کولتووردان، کولتوور بە شێوەیەکی ڕەمزی و مێژوویی لەگەڵ پیاواندا پەیوست بووەو لە کاتێکدا کارە فیسیۆلۆژییەکانی ژنان لە منداڵبوون و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ بە نزیکتر لە سروشت سەیردەکرێت" (فەتاح، ڕێبین، 2022: 32).

کاتێ ئیکۆفێمنیزمەکان، ئەمە دەبینن، هەم سروشت و هەم خودی خۆیان، لە چەوساندنەوە ژێردەستەی بەردەوام دان، خوازیاری ئەوەن لەو زوڵم و چەوساندنەوە کولتووری و کۆمەڵایەتیی و ئایینی و ڕەگەزی دەربازیان بێت. هەر هیچ نەبێت ژنان بێنە مەیدان و ڕێگری بکەن لەم سەرکوت کردن و چەوساندنەوەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. هەر ئەم تێگەیشتنەیە وایکردووە، ئیکۆفێمنیزمەکان بڕوانە سروشت و ژن و لەکۆت و زنجیری ڕەگەزی نێر بەسەری زاڵە، خەباتی بۆ بکەن و هۆشیاری بڵاوبکەنەوە. "لەسەر بنەمای تێگەیشتن ژینگەناسی و فێمێنستی و کۆمەڵایەتییەکان دامەزراوە،

لەسەر ئەو بڕوایەیە، ئایدۆلۆژیای سەرکوتی جنسی، نەژادی، چینایەتی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای سەرکوت و خراپ کردنی سروشت لە ڕەگەزێکن. ئیکۆفێمێنیزم لە داتای گشتیی خۆیدا خوازیاری کۆتایی هێنانە بە سەرکوت لە هەموو بوارەکان" (کوردستانی، ڕابوون، 2070: 120).

ڕێکخستنەوەی تێڕوانینی مرۆڤ لە بەرانبەر سروشت و تێڕوانینی نەرێنی پیاو بۆ خودی ژن، لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئیکۆفێمنیستەکانە، ئەوان دەیانەوێت، هاوسەنگییەک دروست بکەن و چیتر نەکەوێتە ژێر چەپۆکی داگیرکاری و پیسکردن و دەستدرێژی و چەوسانەوە. هیچ ڕێگەیەکی ئەخلاقی و یاسایی نییە، ببێتە بیانوو بۆ کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی سروشت و ژن لەلایەن ڕەگەزی باڵاوە، پیاوسالاری. "یەکێک لە تێگەیشتنە گرنگەکانی ئیکۆفێمنیستەکانە ئەوەیە دوالیزمی مرۆڤ/سروشت لەگەڵ دوالیزمی نێوان ژن و پیاو ڕێکدەخات، وەک چۆن دوالیزمی مرۆڤ/سروشت لە ڕووی مێژوویەوە وەک پاساوێک لە لایەن مرۆڤەوە بەکاردەهێندرێت، دونیای سروشت وەک تەنها مادەیەک ئیستغلال دەکات، دوالیزمی پیاو/ژن وەک پاساوێک" (فەتاح، ڕێبین، 2022: 32_33).

ئەو هەوڵدان و ڕەوتەی ئیکۆفێمنیزمەکان، وەک بەرپرسیاریەتی و ئەخلاقیی و خەباتی شارستانیی و هوشیاری کۆمەڵگە، ژن و سروشتیان وەک سیمبولی ژیان و مانەوە و بەختەوەری مرۆڤ لە قەڵەم دەدەن. ئەو هێزە پیاوسالارییەی وایکردووە، هەمیشە ئەو دووانە لە چەوسانەوەو ژێردەستی دابن. ڕزگارکردن و پاراستنی پێویستیی بە بەها و بنەما ئەخلاقییەکانی مرۆڤەوە هەیە، کە ڕێز لەمە بگرێت و بە پیرۆز سەیربکات. "ئیکۆفێمێنیزم وەک ڕوانگەیەکی تیۆری، هەوڵ دەدا شەبەنگێکی بەربڵاو لە ڕوانگەکان، بۆ تەتەڵەکردنی پەیوەندی ژن و سروشت و پەیوەندییەکانی پیاوسالارانەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای هاوچەرخدا، لە خۆ بگرێ." (کوردستانی، ڕابوون، 2070: 120).

سروشت و ژن وەک یەک وایە، پیاویش لە ڕێگەی کولتوورەوە دەڕوانێتە ژن و سروشت. ژن بە سروشت گرێدراوە و نەرمونیان و بەرەهەمهێنەرە، وەلێ پیاو لە ڕێگەی کولتوور و داب و نەریت و هێز و دەسەڵاتەوە، خۆی زاڵکردووە بەسەر سروشت و ژن. ئیکۆفێمنیزمەکان بە ڕێگا و تێڕوانینی جیاجیا خەبات دەکەن بۆ نەهێشتنی ئەو دەستدرێژی و تاوانانەی دەکرێنە سەر ژن و سروشت و ژینگە و زەوی و ژیان. پەیامی هوشیاری و ڕێگری کردن لە خراپە و تاوانکاری و دەستدرێژی خەباتی مەدەنی دەکەن و بەدوای ژینگەیەکی لەبارتر و باشتر هەنگاو دەنێن، کە مرۆڤایەتیی و بەتایبەتی ڕەگەزی ژن تێدا بحەسێتەوە.

ئیکۆفێنیزم هەر ئەوە نییە، خۆی لە ژینگە و ژنبوون خۆی ببینێتەوە؛ ڕەهەندی قووڵتر و گەورەتری لە خۆ گرتووە، لایەنی شارستانیەت و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری و پەروەردە و خۆشگوزەرانی دەگریتەوە. خەمی ئەو بەدەر لە ژنبوون، خەمی مرۆڤبوون و جیهانبوونی هەڵگرتووە، لەم پێناوەدا خەبات دەکات.

### 4. ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاران

### 4-1. گەڕانەوە بۆ سروشت و ژینگەی لادێ:

لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاراندا، دوای ئەوەی کامیل ئاغا چووە بەرەی حکومەت، ئیدی کەریم ئاغا لە برایەکەی هەڵگەڕایەوە و بەرەی شۆڕشی هەڵبژارد و چەکی کردە شان. پێش بەیاننامەی ئازاری 1970 ئەو وەک سەرلقێکی ئازای شۆڕش بۆ ناو شار گەڕایەوە. ژمارەیەک سەرکەوتنی تۆمارکردبوو و چەندان کەسی بنەماڵەکەی شەهیدببوون. بە دوودڵی و خەمۆکییەکی زۆر ڕووی کردەوە ئاوایی خۆی "گەڕانەوە بۆ ژینگەی سروشتی دەستلێنەدراوی لادێ بە سارێژی زامی دەروونی و جەستەیەکانی دەزانێت" (ابراهیم، ابراهیم محمد، 2024: 43). ئەو غەمبار بوو، کامیل ئاغای برای لە بەری حکومەت کوژرابوو. ئەو پرسیارەی لای بێوەڵام بوو، بۆچی برایەکەی بەرەی خیانەت و دوژمنی هەڵبژارد. "تەواو گۆشەگیر لەماڵەکەی خۆیدا دەژیا، کاری جووتیاری و شوانکارەیی بۆ خۆی دەکرد، دوو پارچە زەویی بچووکی جیاکردبووەوە و دەیکێڵان و دەیچاندن، خۆشی حەیوانەکانی دەدایە پێش خۆی و بەریدەدانە کێوان و دەیبردنە لەوڕان، خۆی چێشتی خۆی لێدەناو خۆی جلی خۆی دەشوشت" (عەلی، بەختیار، 2024: 135). دوای ئەوەی شۆڕش دەستپێکردەوە، ئەگەر چی دوودڵ و ناڕازیی بوو، دەیبینی هەرچی جاش و خیانەتکار هەیە خۆی کردۆتە باوەشی

شۆڕش. ئەمجارەش دەستی لە کەسابەتی خۆی هەڵگرت و خۆی گەیاندە شۆڕش و بەشداری نەبەردیەکانی کرد و دووجاریش برینداربوو، جەنگ قورس بوو تا دەهات خوێناویتر و توندتردەبوو. بەدڵ بەرگری لە خاک و ئاو و خەڵکەکەی دەکرد، بەڵام دیسان شۆڕش لاوازبوو.

دوای تێکچوونی شۆڕش و خۆبەدەستەوەدانی پێشمەرگە و شۆڕشگێران. کەریم ئاغا خۆی بەسووکترین کەس هاتە بەرچاو، بە بێشەرفترین کەس. تا دوێنێ وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ و ئەمڕۆش بە سووکی و سەرشۆڕی خۆ بەدەستەوە دەدات. پێشتریش بەرگەی خیانەتی کامیل ئاغای برای نەگرت و دژی وەستا و چووە بەرەی شۆڕش، وەلێ شۆڕش توایەوەو ئەوە نۆرەی گرتووە و لە ڕیزی خۆی بەدەستەوەدان، مردنی پێخۆشتبوو لە چەکدانان. "ئێستا پیاوێکی بێشەرەفم. نە خۆم، نە خێزانەکەم، نە عەشرەتەکەم، نە نیشتمانەکەم، شتێکمان نەماوە شانازی پێوەبکەین... ئێستا پیاوێکی تەواو بێ شەرەفم" (عەلی، بەختیار، 2024: 142). کەریم ئاغا، لەخەمی وێنە ڕووتەکەی براژنی و خۆفرۆشی و کوژرانی کامیل ئاغای برای و هەرەسی شۆڕش و پووچی ژیان و خیانەت و کرداری مرۆڤە دووڕووەکان و پشتی لە خۆشگوزەرانی شار کردو گەڕایەوە گوند. "ژینگە وەک لانکەی مرۆڤایەتی، کاریگەری لەسەر کۆی کایەکانی ژیانی مرۆڤ هەیە بەتایبەتی لایەنی دەروونی، کە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەنگدانەوەی ژینگەیە" (ابراهیم، ابراهیم محمد، 2024: 43). لای ئەو شەرەف ناو گەڵی ئافرەت نەبوو، بەڵکو خیانەتکردن و خۆچەماندن و چەکدانان لە بەرانبەر دوژمن، بێشەرەفیە. "جەنگ مەزرا و ئاژەڵەکانی لە بەینبردبوو، زۆر لە ئاژەڵەکانی لە بۆردومانی فڕۆکەدا فەوتابوون، ئەوانەشی مابوونەوە بەهۆی نەخۆشی و لە نەبوونی خزمەتدا مرداربووبوونەوە، دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێ ئاسان نەبوو، کەریم وەها پەشێو غەمگین بوو، خەڵک دەترسان لێی نزیک ببنەوە" (عەلی، بەختیار، 2024: 143). هەرچۆنی هەبێ ڕانێکی بچکۆڵەی پێکهێنا و چووە باوەشی سروشت و بۆ ناو دۆڵ و هەرد و کێو و قەدپاڵ و نزاران. بێخەم دەهات و دەچوو و تا دەهاتیش ڕانەکەی گەورەتر دەبوو و نەدەیفرۆشت و نە دەیکوشتنەوە، ئەو لە باوەشی سروشتێکی ئارام و دوور لە جەنجاڵی شار و ئاوەدانی دەژیا. هۆگری چیاکان ببوو و بە شوانیەتی دەژیا و خواردنی لە بەرهەمی دار و گیای وەردەگرت و بەکاردەهێنا. ئەو لە ئاغای عەشیرەتیکەوە بوو بە شوانێکی دوور لە ئاوەدانی. گەڕایەوە ناو سروشت "لە زەمانی کۆندا مرۆڤ بە ئاشتی و تەبایی لەگەڵ سروشتدا ژیاوە، خۆشی بە بەشێک لە سروشت زانیوە، پێویستە ڕابێت لەگەڵیا لە پێناوی بەردەوامبوون لە ژیاندا" (المساعد، نورة فرج 2006: 39). ئەو وەک پیرێکی ڕیشدرێژ و چڵکن بە گۆچانێکەوە، ڕووی دەکردە چیا و دۆڵان. ئەو زوو بڕیاری دا، بگەڕێتەوە سروشت و ژینگەی گوندە جوانەکەی. "دەڕۆم بۆ ناو سروشت لەوێ هەموو شت لەیاد دەکەم، ئەوەتەی دونیا هەیە هەرکاتێک یەکێک ویستبێتی لەخۆی ڕابکات، ڕایکردووە ناو سروشت" (عەلی، بەختیار، 2024: 150).

ئەو گەڕایەوە ناو سروشت و هەر لەناو سروشتیش ژیاو لەوێش مرد، کەس نەیزانی بە چ شێوەیەک گیانی سپاردووە، ڕانەکەشی پەرشوبڵاو دەبن و هەندێکیش دەبنە خۆراکی گورگان. "کەریم ئاغا لە ساڵانی شۆڕشدا سروشتی وەک قەڵغانێک بەکارهێناوە بۆ پاراستنی کۆمەڵگا، لە قۆناغی دواتردا سروشت وەک قەڵغانێک بەکاردەهێنێت بۆ خۆپاراستن لە کۆمەڵگا" (کۆمەڵێک نووسەر، 2023: 301). لە هەردووکاتدا، ئەو سەربەرز ژیاو سروشتی بە خاوێن و دوور لە فێڵ و دەستدرێژی مرۆڤ و تاوانەکانی دەزانی. کامیل ئاغا لە دوای هاوسەرگیری، زوو ژینگە و سروشتی گوند جێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە ژینگەی شار. ئەو لە ژینگەی شار، تووشی لێکترازانی هاوسەری و خێزانی و عەشیرەت دەبێتەوە و ژینگە نوێیەکە هەم شەرەفی دەبات و هەم بە کوشتنیشی دەدا و ئابڕووی بنەماڵەکەشی لەکەداردەبێت و دەکەوێتە بەر نەفرەتی خەڵک.

زیائەدینیش، برا جمکی گێلاسی نەوبەهاران، خەمی وێنە ڕووتەکەی خوشکی و ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی شۆڕش و لە سێدارەدانی چەند هاوڕێیەک، ئیدی باوەڕی بە هاوڕێیەتی و برایەتی و ڕەگەزی ژن نامێنێت. ئەویش ژینگەی شار جێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە ئاوەدانکردنەوەی ژینگەیەکی دەستکرد، شارێک و بەناوی (نورئاوا) تێدا ژن و خێزانەکان بپارێزرێن و لە چاوی نێر بەدووربن. ئەو جارێک دەستدرێژیکردە سەر سروشت و جارێکی دی چەوساندنەوەی ژنان. دیواربەند و پەنجەرەکان تاریک و بچووک و ژنەکانیش ڕووبەندپۆش و بەو بیانووەی لەو شارە. "ژنان تێیدا لەشیان پارێزراو و داپۆشراو دەبێت، کەس ناتوانێت ناویان بزرێنێت، کەسیش ناتوانێت ڕوخساریان بناسێتەوە، بەوەش

پیاوەکانیان دەتوانن بێترس لە هەر ئابڕووچوونێک ئاسوودە بژین" (عەلی، بەختیار، 2024: 233). ئەمەش نەبووە، شارێک بۆ ئاسوودەی ژن، چونکە دوو ژنی تێیدا کوژران. زیائەدین کەوتە بازرگانی و گەورەکردنی شار و دەستکەوتنی سەرمایەی زۆر. لەهەمانکاتیش، چاوبڕینە ژن و شەهوەت و تێرکردنی حەزە نێرینەکانی و چوونی بۆ وڵاتان و هێنانی ژنی تازە بۆ نورئاوای خۆی. لەدوای ئەو ژنانە و چوونی بۆماڵی (حەوت خانم)، ناردنەوەی وێنەی ڕووتی ئەو و ئەوانەی چوونەتە ماڵی ئەو لەشفرۆشانە. ئیدی ترسی ئاشکرابوونی وێنەکە لێی دەبێتە شەرمێکی گەورە. بەناچاری شار بەجێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە سروشت؛ بۆ هەڵمژینی هەوای پاک و ئاسوودەی ڕۆحی نا، بەڵکو لەترس و شەرم. "دوا سەعاتەکانی ژیانی تەنیا سەیری جوانیی سروشتی کرد... جوانی بێسنووری سروشت، کە دەکرا پاک لە ئامێزی بمینێتەوە و لەوێدا بمرێت، هەستیکرد ئەوە یەکەم جارێتی لە ژیانیدا سروشت دەبینێت" (عەلی، بەختیار، 2024: 260). هەرلەوێ خۆی دەکوژێت.

کەریم ئاغا لەبەر شەرەف و شکۆی خۆی گەڕایەوە ناو سروشت و هەر لەناو سروشتیش بەسەربەرزی ژیا. هەموو ئەو کار و چالاکیانەی مرۆڤ لە ژیانی ئەنجام دەدات، کردەوەکانی خۆیەتی. "بۆیە چالاکییەکانی مرۆڤ مەترسین لە سەر مانەوەی خودی مرۆڤیش" (شێخ ڕاغب، هەندرێن 2026: 11)، وەلێ زیائەدین خاوەن چەند ژن و بەناچاری ڕوویکردە سروشت و لە ترسی ئابڕووچوونی شەرەفی خۆی، خۆی کوشت، لەکاتێکا خۆی بە پارێزەری شەرەف و نامووسی خەڵک دەزانی.

### 2-4: جەنگ و دەستدرێژی بۆ سەر کچ و ژنان:

دوای کوشتنی هەردوو خوشک (گورجی و گوڵناز) لە تۆڵەی وێنەکەی دایکیان، هەردووکیان چوونە شاخ و زۆزان شووی کردو چووە دەرەوە، شەمدۆش بووە پێشمەرگە، ساڵی 1994 جەنگی براکوژی، وڵاتی دەسووتاند. ئەو وەک پێشمەرگەیەکی بچووک و ئازا و چالاک، دەتوانێت زوو ناوبانگ پەیدابکات و پەلاماری شار و شوێنەکان بدات و بیگرێت، لە بەرانبەر هێزەکەی ملازم حەسۆ، دەوەستێت و جەنگی خوێناوی دەکەن. لە گەرمەی ململانێی هەردوو هێزدا، پیرەمێردێک بە ناوی زوهێر مەسۆ، بەپەلە دێتە لای ملازم و وێنەی ڕووتی گێلاسی دایکی شەمدۆی پێدەدات. بەو ناوەی دوو کوڕی ئەوی لەلا دیلە و ناچاردەبێت لە ترسی بڵاوبوونەوەی وێنەکە، ئازادیان بکات. ملازمیش هەست دەکات ئەم وێنەیە پلان و سنووری جەنگەکە لە قازانجی ئەو دەگۆڕێت. "لەم جەنگە هەموو سنوورێکمان پێشێڵکردوە، تەنیا ئەم سنووره ماوە، وێنەی ناو گەڵی یەک بڵاوبکەینەوە" (عەلی، بەختیار، 2024: 221). لەولاش ژمارەیەک وێنەی لەبەر دەگرێتەوە، لەگەڵ نامەیەک ڕەوانەی لای شەمدۆ دەکات و داوای ئازادکردنی ئەو دیلانەی لێدەکات کە ناوی نووسیون و ئەگەرنا ئەم وێنەیە بڵاودەکاتەوە.

لەم ڕۆمانەدا، وێنەی ژن، وێنەیەکی زوڵملێکراوە، لە ڕووداوەکان و ناکۆکییە سیاسی و چەکدارییەکان، باجێکی زۆر دەدات. "ئافرەتان لە مێژوودا یەکەم کۆمەڵن کە تووشی چەوساندنەوە دەبن. چەوساندنەوەی ئافرەتان قۆڵترین و توندترین شێوەی چەوساندنەوەیە" (المساعد، نورة فرج 2006: 30).

وێنەکە، ئاگرە، بۆمبێکە لە تەقینەوەدایە. شەمدۆ بەو نامەیە و وێنەکە زۆر توڕە دەبێت و 72 کاتژمێر داوای مۆڵەتی وەڵامدانەوە دەکات. بەخێرایی هێزێکی زۆر کۆدەکاتەوە و لە شەوێکدا چل لە ژن و خوشک و کچی ئەو بەرپرس و پێشمەرگانە دەگرێت، کە لەبەرەی دوژمنن و دەیانخاتە تەڵەیەکی ترسناک. "ژنەکانی دەهێنایە ژوورەکەی خۆی، یەک یەک بە هەڕەشەی کوشتن و بە زەبری دەمانچەکەی جلەکانی پێدادەکەندن و فەرمانیدەدا بە وێنەگرەکە بە شێوەی جیاواز و لە دۆخی جیاواز وێنەیان بگرێت... ژنەکان چەند دەگریان، دەپاڕانەوە، بەسەر دەست و پێیدا دەکەوتن سوودی نەبوو" (عەلی، بەختیار، 2024: 224).

شەمدۆ، بە زەرفێکی گەورەی پڕ لە وێنەی ڕووت، لەگەڵ ملازم دەستی کرد بە دانوستاندن. ئەمەی ڕاگەیاند ئەگەر وێنەی دایکی بڵاوبکرێتەوە و ئەویش وێنەی ژنی ئەو چەکدارانە بڵاودەکاتەوە و کە لەگەڵ تۆ لە سەنگەردان. شەمدۆ ئەوەی پێوت ئەگەر وێنەی دایکم شەرەفی من بێت و ئەو زەرفەش شەرەفی هەموانە. جەنگی براکوژی تا دەهات

خوێناویتر و دیل کوشتنی تێکەوت. ژن و کچان بوونە سووتەمەنی و قوربانی جەنگ و شەرەف و ئابڕوو و ڕەوشت و شکۆیان کەوتە مەترسی. "ئەخلاقی کۆنەپەرستانە هێزێکی تێکشکێنەر و کوشندەیە بۆ هەموو وزەیەکی شۆڕشگێرانە. ئەخلاق تەنها تاکەکان تێک ناشکێنێت، بەڵکو هەر پرۆژەیەک بۆنی گۆڕانکاریی لێ بێت تێکی دەشکێنێت" (گۆران، نەبەز، 2024: 89).

دوو هێز، لەبەرانبەر یەک، توندوتیژ و پڕ ڕق، یەکتر دەکوژن و یەکتر لەناو دەبەن. پیاوەکان جەنگ بەڕێوەدەبەن و ژنەکان باجە قورسەکەی دەدەن. ئەوان بۆ هەتاهەتایە ئەتکدەکرێن و سووکایەتیان پێدەکرێت. "چەکدارەکان بە دەستدرێژیکردنە سەر سەر ژنان توانای ئەوەیان هەیە پیاوەکانیانی بەرانبەر سووک و ڕیسوا بکەن" ((ICRC, 2015 : 12. شەمدۆ، وەک کەسێکی خوێنڕێژ و بێڕەوشت و دەستوەشێن و دەستدرێژیکەر، دەستی لە هیچ ناپاراست، وەک بیەوێت تۆڵەی دایکی لە هەموو ژن و کچانی وڵات بکاتەوە. هەر زوو ئەوەی بە هێزی بەرانبەر ڕاگەیاند. "بچمە هەر شارێکیش، بگەمە هەر شارۆچکە و گوندێکیش، یەکەم شت هەموو ژنەکان ڕووتدەکەمەوە و وێنەیان دەگرم... هیچ کەسیش ناموەستێنێت، هیچ هێزێک، هیچ ئادەمیزادێک..." (عەلی، بەختیار، 2024: 226).

جەنگ وەک نەفرەتێک، شەپۆلێک لە ترس و تاوان و کوشتن و ڕیسوایی، دێوەزمەی خۆی بە وڵاتدا بڵاودەکردەوە. لە براکوژی ئەخلاقی هەمووان لە مەترسی دابوو، گەنجینەیەک، لە وێنەی ڕووتی خوشک و دایکی شەڕکەرەکان خرانە ئەرشیف و لە هەرکاتێکدا، مەترسی دەرکەوتن و زیندووبونەوەیان هەیە و ئەخلاق و ژینگەی کۆمەڵایەتیی و خێزانەکان تێکدەدات.

## 3-4: ترس لە وێنە و تێکچوونی ژینگەی خێزان و کۆمەڵگا:

هەر زوو کامیل ئاغا، دوای نەخۆشبوونی ژنەکەی، ترسی لەوە بوو، ژنەکەی بمرێت و نەیبینێتەوە، ئەو دەیویست لە ڕێگەی کامێراوە، نەمری بکات، نەهێڵێت ژنەکەی ئەوها بەسانایی لەدەستی دەربچێت. وەک گلگامێش بە دوای نەمری بگەڕێت بۆخۆی نا، بۆ هاوسەرەکەی، گێلاسی نەوبەهاران. ئەمەش وایکرد "ئەو بیرۆکە شەیتانییەی بۆ هات، وێنەیەک لە ژنەکەی بە ڕووتی بگرێت" (عەلی، بەختیار، 2024: 13). وێنەکە بێپرسی ژنەکەی، دەگیرێت و هەڵدەگیرێت لە شوێنێکی ون و دوور لە چاوی هەموو کەس. کامیل ئاغا دەیوست لە ڕێگەی ئەم وێنەیە، ژنە جوانەکەی نەمر بکات، بۆ هەتاهەتایە لە خەیاڵ و دیدەی بێت، ئەو جەستە سپی و جوانە ون نەبێت و هەر بۆ خۆشی خۆی وێنەی ژنە نەخۆشەکەی هەڵگرێت. وێنەی گێلاس دەچێتە ناو سندوقێکی سەوزی بچکۆڵە و قفڵێکی لێدەدرێت. ئەو چێژێکی زۆری لەو وێنە ڕووتە بینی، لەو جەستەیەی گێلاسی نەدەبینی لەسەر جێگا کە نەخۆش کەوت بوو. بیرێکی مۆدێرن و بە کامیرایەکی مۆدێرن، وێنەیەکی جوانی گرت و وەلێ نەدەبوایە بیگرێت و وێنەی ژنەکەی خۆی. ئەوە هەر خودی مرۆڤە، دەبێتە خراپە و سەرئێشە بۆ خۆی "ئەوە هەر مرۆڤە، تێکدەر و ڕوخێنەر و پیسکەری ئەم گەردوونە جوانەیە، لە پێناو بەرژەوەندی کاتی مادی خۆی" (شەوڕۆ، فازیل، 2023: 91). ئیدی خۆشی کامیل ئاغا، کورت دەبێت، ئەوبوو خزمەتکاری ماڵەکەی دزەیکردە ژوورەکەی کامیل ئاغا و وێنەکە بردرا. وێنەکە لە چاوی کامیل دوور دەکەوێتەوەو دەگاتە دەستی گورجی خزمەتکار و لەوێش بۆ دەستی خەلیفە عیسای سەرۆک عەشیرەت و سەرۆک ئەرکانی سوپا و حەسەن ئیلهام و خانی زەرد و جابۆ و زوهێر مەسۆی وێنەگر و موعتەسم نیازو پیاوانی ئایینی و خەتیبی گەورە و مەلایەکان و دەچێتە سەر مێزی گفتوگۆی حکومەت و سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد و دەستی برایانی کامیل ئاغا و برایەکانی گێلاسی نەوبەهاران. وێنەکە، دەبێتە بەڵگە و شاهید دەچێتە دادگا و زیندان و خەڵکی پێ لەسێدارە دەدرێت. دەچێتەوە دەستی منداڵە جمکەکەی (شەمدین و زۆزان) و لەوێوە دەچێتە بەرەکانی جەنگ و ململانێیەکانی براکوژی و سەنگەری گرتن و کوشتنی پێ گەرم دەکرێت. وێنەکە لەبەری دەگیرێتەوەو دەکەوێتە دەستی هەزارانی دیکەو تا ئێستاش لە هاتوچۆدایە. وێنەکە، دەبێتە نەفرەتێک بۆ هەمووان، ژینگەی دەروونی و خێزان و کۆمەڵگا تێکدەدات. مرۆڤەکان لەسەری دەکوژرێن و دەبنە قوربانی. وێنەیەک لە بەرانبەری دەیان ژن و کچی دی ڕووت دەکرێنەوە. وێنەیەک هەموو کات ئاگر بۆ جەنگ و ئاژاوە و یەکترکوشتن و تۆڵە دەکاتەوە. وێنە نەفرەتیەکەی گێلاس، دەبێتە ناسنامەی شەرەف و هەموو کەس خۆی بەخاوەنی دەزانێت. هەموو خاوەنێک شەرەفی

لەکەدار دەکرێت و بە چاویان دادەدرێتەوە. دەبێتە شەرەفی خێزان و بنەماڵە و گوند و شار و عەشیرەت و حیزب و حکومەت و سوپاو وڵات، هەموویان دەبنە قوربانی وێنەکە. ئەویش وەک دارستانێکی گڕگرتوو، لە شوێنێک دەکوژێتەوە و لە شوێنێکی دی پشکۆیەکانی دەگەشێنەوە و ئاگرێکی دی خۆشدەکاتەوە. وێنەیەک پیاوەکانی دەترسێنێت و گومان بۆ خێزان و ژن و کچەکانی دیش دروستدەکات.
وێنەکەی سەری خاوەنەکەی خوارد و سەرشۆڕی عەشیرەت و کۆمەڵگەی کرد. "ئەو وێنەیە کامیل ئاغای کوشت، ئەمە ئەو وێنەیە وایکرد کامیا ئاغا و عەشرەتەکەی لەم جەنگە پیسەدا تەفروتونابن" (عەلی، بەختیار، 2024: 57).
برایەکانی گێلاسیش، تووشی ئەو سووکایەتیی و خەمخواردن و ماڵوێرانییە بوون، ڕەنگە زیائەدینی برای، لەگەڵ گێلاس جمک بوون، لە هەموویان باجەکەی زیاتر بدات و تا لە کۆتایی لە پێناوی وێنەی ڕووتی خوشکی خۆی، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. کاتێ لە لەسەر ڕێکخستنەکان دەگیرێت و ئامادە نییە هیچ بدرکێنێت. وێنەکەی گێلاسی دێنە بەردەم و ئیدی ددان بە هەموو شتێک دەنێت. "من بە هۆی ئەو وێنەیەوە شەش کەسم بە کوشتدا، بە هۆی ئەو وێنە مەلعوونەوە شەش کەس چوونە بەردەم پەتی سێدارە... دەیان خێزانم بەدبەختکرد... ئەو وێنەیە وەک تاعوون وایە، وەک تاعوونێکی ڕەشی پیس وایە، کە بەتەواوی لەناو ناچێت..." (عەلی، بەختیار، 2024: 193).
کاتێ (شەمدین و زۆزان)ی منداڵەکانی کامیل ئاغا، بە دوای وێنەی دایکیان دەگەڕێن، هەر ئەو وێنە ڕووتەی دایکیان دەبینەوەو ئەمەش وایان لێدەکات بە دوای تۆڵە بگەڕێن و تا توانیان (گورجی و گوڵنازی)ی خوشکی بکوژن. وێنەکە دوو منداڵەکەی گێلاسی کرد بە بکوژ و تاوانبار. ئەو ددانی پێدادەنێت "ئەم وێنەیە گەر دەربکەوێتەوە دوور نییە ببێتە هۆی مردنی چەندان کەسی تر. ئەمە وێنەیەکی مەلعوونە بەو هۆیەوە من ئەمشەو بووم بە پیاوکوژ..." (عەلی، بەختیار، 2024: 213).
شەمدۆ، وەک بکوژێک چووە ناو شۆڕش و لەوێ بەهۆی تاوان و چالاکی و ئازایەتی خۆی، دەبێتە بەرپرسێکی ناسراو و چەندین شوێن دەگرێت. کاتێ دەیانەوێت لەبەرانبەر وێنەکەی دایکی بیترسێنن و ملکەچی بکەن و خۆبدات بەدەستەوە. "ژنان و کچان بەهۆی ڕەگەز و ڕفاندنەوە لەکاتی ناکۆکییە چەکداریەکاندا دووچاری لاقەکردن و شێوەکانی تری توندوتیژی دەبنەوە" (زنجیرە وتار، 2008: 81). وەلێ ئەو دەستدەکات بە دەستبرد بۆ نامووسی ژن و کچ و وێنەی ڕووتان دەگرێت و دەیان وێنەی هاوشێوەیەی وێنەی ڕووتی گێلاسی دایکی ئامادە بکات. ئەوەی خوا و ئایین و مرۆڤ پێینەخۆش بوو، ئەو کردی و وێنەی ناوگەڵی ئافرەتانی دەگرت، ترسی لەنێو خەڵکی بڵاودەکردەوەو ئەوەش وایدەکرد، خەڵک لە ترسی ئەو، ژن و خێزانی خۆیان لە شوێنی حاسێ بپارێزن و بشارنەوە. ئەم تاوانە قێزەوەنەی شەمدۆ وایکرد، هەر لە لایەن هاوڕێیەکانی بۆسەی بۆ دابنێنەوە و بیکوژن و بە ئۆتومبێلی بیگێڕن و نیشانی خەڵکی بدەن.
ترس لە بڵاوبوونەوە وێنەکان، هەموو کۆمەڵگای شێواند، گومانی بۆ سەر خێزانەکان دروستکرد، پیاوانیان دڵپیس و پڕ ڕق کرد. شیرازەی خێزان و بنەماڵەکانی ترازاند و کێشەی کۆمەڵایەتیی زۆری لیکەوتەوە. ترسێکی هەمیشەیی لە کامێرا و تەکنەلۆژیا و لە مرۆڤ و لە دۆستە نێزیکەکان.

### 4-4: جەنگ و وێرانکردنی سروشت و ژینگە:

حکومەتی عێراق و شۆڕشی کورد، بەردەوام خەریکی ململانێ و هێرشکردنە سەریەکتر و جەنگ و گرتن و کوشتنی یەک بوون، لە هەردوولا، مرۆڤەکان دەکوژرێن و بریندارەدەکرێن و دیلدەکرێن و ڕەوانەی زیندان دەکرێن و گۆڕ بزردەکرێن. لەهەمانکاتیش، هێرش دەکرێتە سەر گوندەکان و ناوچەکانی پێشمەرگە و دارستان و ڕەز و باخ و زەویوزاری خەڵک دەسووتێندرێن و گوندەکان وێراندەکرێن و خەڵک ئاوارە و بێماڵ دەکەن. کاتێ دەڵێن جەنگ، بیرمان هەر بۆ کوشتنی دوو هێزی شەڕکەر دەچێت لەکاتێکدا، سروشت و ژینگەی وڵات زەرەرمەند دەبێت. جەنگ، تێکدانی سروشت و ژینگە و کۆمەڵکوژکردنی باڵندە و زیندەوەر و نەهێشتن و سووتاندنی دار و ڕووەک و گژوگیا و کێڵگە و زەوی کشتوکاڵە. لە جەنگدا، دەسکاری زۆر شت دەکرێت "چونکە مرۆڤ دەستکاری ژینگە دەکات، پیسی دەکات، وێرانی دەکات و لەناوی دەبات و قوربانی یەکەمیش هەر خۆیەتی" (شێخ ڕاغب، هەندرێن، 2026: 202). هەر هێزێکی دوژمنیش

دێتە کوردستان، بە بیانووی جەنگ و هێرشکردنە سەر ناوچەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە و کوردەکان، دەیەوێت بەهێزی زۆر و چەکی قورس و هێرشی گەورە، بوونی خۆی بسەلمێنێت و ڕق و تۆڵەی خۆی بەرانبەر بە کورد هەڵبڕێژێت. ئەوان هێزێکی سادییەت بوون، چێژیان وەردەگرت لە ئازاردان و ملکەچکردنیان، ئاغا و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان. ئەوانەی دەهاتنە لای کامیل ئاغا، ئەوەیان لێدەویست لەگەڵیان بێت و پێشیان بکەوێت، لە دیدەی ئەوان ئەگەر لەگەڵ حکومەت نەبیت، ئەوە لەگەڵ پێشمەرگە و تێکدەرو ئاژاوەچییەکان دایت. بۆیە ئەوانە بە ترس و هەڕەشە و هێز، هەمیشە ئاغاکان و جاشەکانیان دەترساند. "ئەو ئەفسەرانەی لە باشوور دەهاتن وەک داگیرکەرێکی بێڕەحم تەڕ و وشکی خاکەکەیان دەسووتان، ئاغا چیرۆکی وێرانکارییەکانی بیستبوو، ئێستا ئەفسەرەکە ڕوون و ئاشکرا هەڕەشەی تەختکردن و وێرانکردنی گوندەکانی دەکرد" (عەلی، بەختیار، 2024: 34). حکومەتیش، نەیدەویست هیچ سەرۆک عەشیرەت و خێڵێک بە ئاسوودەی دابنیشێت و دەیویست خۆی یەکلاییکاتەوە، کامیل ئاغاش یەکێک بوو لەوانە. "ژەنراڵە عەرەبەکان چەندین جار هەڕەشەی گرتن و کوشتنیان لی کردبوو، هەڕەشەی وێرانکردنی گوندەکان و سووتاندنی ڕەز و باغەکان" (عەلی، بەختیار، 2024: 43). کامیل ئاغاش، نەیدەتوانی تا سەر بێلایەن بێت و حکومەتیش ئەمەی لی قبووڵنەدەکرد؛ وێنە ڕووتەکەی ژنیشی بووە هۆی ئەوەی بە بەرەی جاش و خۆفراشان ڕازی بێت و دژی میللەتی خۆی بجەنگێت و ئەمەش ناچاربوو، شەڕی خێزانی لە شەرەفی عەشیرەت و نیشتمانی لە لا بەنرختربێ. بۆیە هێزەکەی ئەویش وەک هێزەکانی دی دەستی نەپاراست لە خراپە و وێرانکردنی ژینگە و سروشتی دەڤەرەکە و کوشتنی خەڵکی مەدەنی و پێشمەرگە، وەک بڵێی لە بەرەی غەزابن. "ڕۆژ بە ڕۆژ لە شەڕێکەوە دەگلان کە هەرگیز نەیاندەتوانی لێی بێنەدەرێ. لە ناوچەیەکەوە دەیانگواستنەوە بۆ ناوچەکانی تر، گوندیان پێ دەسووتاندن، دیلیان پێ تیرباران دەکردن، خەڵکی پاڵە و زەحمەتکێشیان پێ ئەشکەنجە دەدان" (عەلی، بەختیار، 2024: 49).

ئاغا لە بەرەکانی جەنگ و بەدەستی پێشمەرگەکان دەکوژرێت و ناوی چووە بەرەی خۆفرۆشان. وێنە ڕووتەکەی گێلاسی خێزانی بووە میرات و لە دوای خۆی دەیان کێشەی کۆمەڵایەتیی و خێزانی و سیاسی دروستکرد. هەر وێنەکە بوو وای لە شەمدۆی کامیل ئاغا کرد، ببێتە بکوژو وەک بکوژێک و کوڕە خۆفرۆشێک چووە ناو شۆڕش و سەنگەری براکوژی گەرم کرد. شەمدۆی خوێنگەرم و بێویژدان، بێترس لە مردن دەجەنگا و هێرشی دەکردە سەر لایەنی بەرانبەر و لوتکە و گوند و شارۆچکەی لێ پاکدەکردنەوە و زەبری کوشندەی لێدەدان و دەستکەوتی باشی هەبوو. "هزری چەوساندنەوەی ژن و لەناوبردنی ژینگەی سروشتی، لە یەک چاوگ و ژێدەری ئایدۆلۆژییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە سیستەمی سەرمایەداری و کولتوری پیاوسالارییە" (ابراهیم، ابراهیم محمد، پیروت، بارزان عەلی، 2024: 19)، هەڕەشە کردن لە ژن و کچان و ڕووتکردنیان و وێنەگرتنیان، سنووری بێڕەوشتی خۆی بڕی و کارە قێزەوەنەکانی بێوێنەبوو، ئەمە وایکرد ڕۆژ بە ڕۆژ هاوڕێیەکانی لە دەوری نەمێنێن و تا لەدوایی هەر لە لایەن هاوڕێ نزیکەکانی بە خراپترین شێوە دەیکوژن، وەک دڕندەترین مرۆڤ هەواڵی کوژرانی لە ڕادیۆکان بڵاودەکرێتەوە.

"کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای کوردی، هەمیشە کەسێکی تێدایە کە چەوساوەی دەستی تاکەکانی دیکەیە، خودی ئەو چەوسانەوەش، لە بارێکی دەسەڵات خوازییەوە کەسێکی دیکە دەچەوسێنێتەوە، کە لە خوارەوەی خۆیەتی و هەریەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی یەک بۆ یەک چێژ لە ئازاردان وەردەگرێت" (ڕەسووڵ، هەڵمەت بایز، 2012: 171).

هەردوو لایەنی شەڕکەر، ژینگە و سروشتی وڵاتیان شێواند و وێرانیان کرد. بە هەزاران خێزانیان جەرگسوتاو کرد و بە بێتاوانی چەندان کەسیان کوشت و وڵاتیان بە خوێن سوور کرد. ئەوەی شۆڕش و حکومەت لە بەرانبەر یەکتر کردیان و پێیان تەواو نەکرا. لە براکوژی و توندوتیژیەکانی حیزب بە خراپترین شێوە کەوتنە گیانی یەکتر و سەنگەری یەکتریان خوێناویتر کرد و وڵاتیان شێواند و ژینگە و خاکەکەیان، کردە دۆزەخی هەمیشەیی بۆ هەمووان. مێژوویێک سوور لە خوێنی برایەکان و هاوخوێن و هاونەتەوە، تۆماریان کرد.

### 5-4: ژینگەی شێواو و ڕق و تۆڵەی بەردەوام:

جەنگ بەرهەمهێنەری ڕقە، بەتایبەتی ئەو جەنگە نەبڕاوەی نێوان حکومەت و شۆڕشی کورد؛ تێدا وڵات لە نێو ململانێ

و هێرشکردن و لەناوبردن و سڕینەوەی ئەوی دیکەیە. "بەدرێژایی مێژوو، جەنگ و ململانێی مەدەنییەکان، جگە لە کارەسات و بەڵا بۆ مرڤەکان، هیچی دی نەبووە و ئەم جەنگ و ململانێ و خوێنڕشتنە، ئەنجامی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە" (الراوی، جنان شاکر، امال، نرمین، عبیر، 2019: 368). سیاسەت و ئایدۆلۆژیاش، جەنگی نەتەوایەتیی قووڵتر کردۆتەوە؛ دەوڵەتیش بەرانبەر بە کورد و شۆڕشەکەی، درێغی نەدەکرد، لەم دژایەتییە و خۆشکردنی ئاگری ڕق. بۆیە بە هەر فێڵ و ترس و درۆ و بیانووی جۆراوجۆر و داتاشینی سیناریۆ و پیلانی ترسناک دژی هۆز و عەشیرەتە کوردەکان و حیزب و هاووڵاتیانی وڵاتی خۆی کاری لەسەر دەکرد و ڕیزەکانی لەیەکتر دەپچڕاند. لە نەفرەتی نەوبەهاران، ئەو ئاڵۆزیی و دوودڵیی و سەرلێشێواویە هەیە. حکومەت بە بیانووی لەناوبردنی تێکدەر و یاخی و شۆڕش، هەموو هێز و سوپای خۆی دەخستەکار بۆ بەرانبەر دوژمنانی وڵات. شۆڕشیش، بە بیانووی داگیرکردنی خاک و چەوساندنەوەی نەتەوە و زوڵم و ستەمی داگیرکەر لە کورد، بەرگری لەخۆی دەکرد. دوو هێزی بەهێز، ژینگەی وڵاتیان کردۆتە مەیدانی جەنگ و ململانێ و کوشتن و لەناوبردنی یەکتر. ئەم ململانێیە خۆی خزاندۆتە نێو خێزان و کۆمەڵگە و ژیانی هاووڵاتیان. "سیاسەت لە دونیای ئێمەدا ژینگەیەکی دروستکردوە، گروپە کۆمەڵایەتییەکان و ئایدیاکان و فەردەکان ڕقیان لە یەکترە، سیاسەت دینەمۆیەکی گەورەی دروستکردنی بوغز و کینەیە" (عەلی، بەختیار، 2021: 350).

حکومەت هەمیشە بە بیانووی جۆراوجۆر، ئاژاوەی دەخستە نێوان ڕێزەکانی کورد و ناچاری دەکردن چەک بەرانبەر بە شۆڕش هەڵبگرن و بەرگری لە نیشتمان بکەن. ئەوان حەزیان دەکرد هەمیشە کوردەکان لە جەنگدابن و یەکتر بکوژن و دوژمنداریەتی لەنێویان دابێت. بۆیە "دەوڵەتیش هەموو کارێکی دەکرد بە خۆشی بووە یان بە زۆر، تیرە و ئێڵە کوردەکان لەم جەنگە بئاڵێنێت" (عەلی، بەختیار، 2024: 31).

کامیل ئاغا، دوای بڵاوبوونەوەی وێنەی ژنەکەی، نەیتوانی خۆی و عەشیرەتەکەی بێلایەن بێت، هەر زوو بە هەڕەشەی بڵاوکردنەوی وێنەی گێلاس، بەناچاری چووە بەرەی حکومەت و خۆفرۆشان و دژی پێشمەرگەکان جەنگاو لەئەنجامیش بە سەرشۆڕی لە بەرەکانی جەنگ کوژرا. خەلیفەی عیساش، وەک سەرۆک عەشیرەت و هاوشێوەی کامیل ئاغا بووە سووتەمەنی، کە ڕۆڵێکی خراپی گێرا دژی کورد. خانی زەردیش پێشتر لە بەرەی شۆڕش بوو و دواتر هاتەوە نێو حکومەت و ئەمجارە لە عەرەبەکان زێدەتر دژی کورد و پێشمەرگە بوو. خەتیبی گەورەش، لە پێدانی گێلاسی نەوبەهاران و فتوای لە دژی شۆڕش دا. نموونەی وا لە ئاغا و دەسترۆیشتووان زۆر بوون، چەکیان بەرانبەر کورد و شۆڕشەکەی هەڵگرت. لە خاکی کوردان، جەنگەکە خۆش دەکرا بە ململانێی چەکدارەکانی عەشیرەت و هۆز و خێڵەکان و شۆڕش. وێرانکردن وڵات و سووتاندنی گوند و ڕەز و باخ و دەغڵودان و کێڵگە و دارستان و ئاوارەکردن و کوشتنی خەڵکی بێتاوان، بەزۆری ناردن بۆ بەرەکانی جەنگ، لەم ڕۆمانە ڕەنگیداوەتەوە، ژمارەیەکی زۆریش دەبنە قوربانی ئەو جەنگە نەخوازراوە.

"(زیگمۆند باومان) ئاماژە بە دوو جۆر لە خراپە دەکات کە لە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە پەیدادەبن، خراپەی سروشتی لە سروشتەوە پەیدا دەبێت لەگەڵ خراپەی مرۆیی لە خودی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت" (کۆمەڵێک نووسەر، 2023: 46).

ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاران، کارەکتەرێکی سەرەکی تێدانییە (وێنەیە)، وێنەی ڕووتی ئاغەژنێکی جوان. جەوهەری ڕۆمانەکە (شەرەف)ە، شەرەفیش بەهۆی هێزی کولتووری دروستبووە و کۆمەڵگای بەرەو لێکترازان و ئابڕووچوون و ڕق و تۆڵە و جەنگ بردووە. ئەگەرچی حیکایەتی بڵاوبوونەوەی وێنەیەکی ئیرۆتیکیە و ڕووتی ژنەکەی کامیل ئاغایە، وەلێ ڕۆمانێکی ئیرۆتیکی نییە. زیاتر پێچەوانەی ئەو تێڕوانینەیە. وێنەکە، نوێنەرایەتی جەستەی هەموو ژنانی کۆمەڵگا دەکات. بڵاوبوونەوە و ترسی بەردەوام لەو وێنە ڕووتە ئاسان نییە، ڕاستییەکەی کۆمەڵگاکە یەکتر ملکەچ دەکەن و ئەم ئەویدی دەخاتە ژێر فشاری وێنەکەوە، ئەمەش هەر وێنەی ڕووتی ژنێک نییە، وێنەی گەورەی ناچارکردن و فشار و پاڵنەری کاراکردنی فاشیەتیی ڕەوشتە ترادسیۆنی کۆمەڵایەتیی و دینییەکانە. ئەمە هەر وێنەیەکی بچووکی مێینەیێک نییە، بەڵکوو وێنە گەورەکەی کۆمەڵگایە.

لە ڕۆمانەکە، هەمیشە شەرەف مەترسیەکی گەورە دەخاتە نێو کۆمەڵگاوە. دەستکاریکردن و دەست بۆبردنی کارەسات و کوشتن و ئابڕووچوونی بەدواوەیە. شەرەف لەو ڕۆمانە هەر شەرەفی گێلاس نییە؛ بەڵکوو لە خودی گێلاس دەڕوات

بۆ بازنەی گەورەتر. شەرەف لە ناوگەڵی ژنێک سەرچاوەی دەگرێت بۆ هاوسەر بۆ خێزان، دواتر بنەماڵە، عەشیرەت، کۆمەڵگا و تا نیشتمان و وڵات. لە بازنەیەکی بچووکی مێیینە بۆ بازنەی گەورەتر، کە کۆمەڵگا و وڵاتە. دیسان شەرەف دەچێتەوە ناو ئایین و نەتەوە و سیاسەت و حیزب و شۆڕش و دەوڵەت.

لە نەفرەتی نەوبەهاران، شەرەف جەنگ هەڵدەگیرسێنێت و جەنگیش شەرەفی زۆر کەس دەبات و ئاگری شەرەف و تۆڵە، ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشتر دەبێت و قوربانی زێدەتری لێ دەکەوێتەوە. لەم ڕۆمانە، هاوسەر لە هاوسەر، برا لە برا، هاوڕێ لە هاوڕێ، خێزان لە خێزان و ژن لە پیاو و پیاو لە ژن، شۆڕش لە حکومەت و حکومەت لە شۆڕش. حیزب لە حیزب و فەرماندە و ئاغا و پیاوی ئایینی و سیاسیی، هەموویان هەڵگری شمشێری تۆڵەن. کۆمەڵگایەک لەژێر چەتری ترس و خوێن و کوشتن دەژیت. لەم ڕۆمانە ئەم ڕووداوە قێزەوەن و ڕقی تۆڵەی ئەوانە بخەینە ڕوو، کە بە هۆی شەرەفی مێینەوە، دەستیان دەچیتە خوێنی یەکتر:

ـ گورجی خزمەتکار بە هۆی خراپی گێلاس خان، بە خیانەتکردن و تۆڵەکردنەوە لە گێلاس، وێنەی ڕووتی گێلاس دەبات و دەیفرۆشێت بە ناحەزانی کامیل ئاغا. ئەو وێنەیە لە لایەن مێردیەوە گیرابوو، لە سندوقێک هەڵگیرابوو، بە دزەکردنی ئەم وێنەیە، ژیانی کۆمەڵگا تێکدەچێت، دەبێتە چەکی شەرف و ئابڕوو و سەری زۆر کەس دەخوات.

ـ تۆڵەی خەلیفە عەباس لە کامیل ئاغا و بە نیشاندانی وێنەی ڕووتی خێزانی، بە ڕادەستکردنەوەی برایەکەی و کوشتنەوەی برایەکەی کامیل ئاغا لە بڕی خوێنی کوژراو.

ـ بەکارهێنانی وێنەی گیلاس، لە ترسی بڵاوبونەوەی وێنەکە، کامیل ئاغا بەناچاری چووە بەرەی حکومەت و خۆفرۆشان، لە کۆتایی بووە قوربانی وێنەکە و کوژرا. چونکە کامیل ئاغا، بەناچاری ملکەچ بوو، دەیگوت "ناموسی خۆمم لە ناموسی نیشتمان لا گرنگترە، شەرەفی هاوسەرەکەمم لە شەرەفی ئەم میللەتە بێڕەحمە لا بەنرخترە" (عەلی بەختیار، 2024: 43).

ـ تۆڵەی خەتیبی گەورەو لاینگرانی، لە کامێرا و وێنەگرانی شار و وردوخاشکردنیان، چونکە ئەوان ترسیان لە تەکنەلۆژیا هەبوو بۆ سەر ئایین و کۆمەڵگە.

ـ تۆڵەی خەتیبی گەورە لە گێلاس و کوڕە زیناکەرەکە و سەنگەسارکردنیان و کوشتنی زیناکەرەکە.

ـ تۆڵەی گێلاس لە خەتیبی گەورەو کوشتنی بە دڕندانەترین شێوە.

ـ حەسەن ئیلهام لە زیندان، بە بەکارهێنانی وێنەی گێلاس لەبەرانبەر زیائەدین و برایەکانی، دانپێدانان و ئاشکراکردنی ڕێکخستنەکانی شۆڕش و لە سێدارەدانی چەند هەڤاڵێک و زیائەدینیش چەند ساڵێک لە زیندان مایەوە.

ـ گورجی تۆڵە لە هاوسەرەکەی دەکاتەوە و ئاگر لە دوکانەکەی بەردەدات و بە پارەش چاوی مێردەکەی بە سووژن کۆرە دەکات، بۆ ئەوەی ژن نەهێنێت.

ـ تۆڵەی قاسم مەجید لە گورجی ژنی و بە ئاشکراکردن و نیشاندانی شوێنی نیشتەجێبوونی، بەو هۆیەوە گورجی و خوشکی کوژران.

ـ شەمدین و زۆزان، لە تۆڵەی بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕووتی دایکیان، گورجی و گوڵنازیان کوشت.

ـ لە تۆڵەی بڵاوکردنەوەی وێنەی گێلاس، زوهێری وێنەگر بە فەرمانی شەمدۆ لە لایەن ملازم حەسۆ کوژرا.

ـ تۆڵەکردنەوە لە جابۆی خۆفرۆش لە لایەن شۆڕشەوە.

ـ خەلیفە عەباس و حاکمی عەسکەری و کامیل ئاغا، تۆڵەی خراپەکانیان لێدەکرێتەوە، لە بەرەکانی جەنگ بە دەستی پێشمەرگە دەکوژرێن، ئەمانە ڕۆڵێکی خراپیان گێڕا لە بە کوشتدانی خەڵک و پێشمەرگە و دژی شۆڕش خراپەیان زۆر کرد.

ـ تۆڵەی شەمدۆ لە ژن و کچان و ڕووتکردنەوە و وێنەگرتنیان، لەسەر وێنەی ڕووتی دایکی کە لەناو خەڵک بووە هۆی ئابڕووچوونی بنەماڵەکەیان.

ـ تۆڵەکردنەوە لە شەمدۆ لە لایەن هاوڕێیەکانی و بە دڕندانەترین شێوە کوشتیان و سوکایەتی پێکردن و بڵاوکردنەوەی وێنەی کوژرانی.

ـ تۆڵەکردنەوەی ژنان لە پیاوان، لە ماڵی (حەوت خانم) وێنەگرتنی ئەو پیاوانەی سەردانی ئەو ماڵەیان کردبوو، لەکاتی سێکسکردن وێنەیان گیرابوو و دواتر بڵاوکرانەوە.

فراوانبوونی تەکنەلۆژیا و گەشەی شارستانیەت و دونیای مۆدێرن، کێشەکان زیاتر دەکات و مرۆڤ لە بەردەم ئەو تەوژمە خێرایە، ناتوانێت بوەستێت. لەم ڕۆمانە، ئەوەمان پێدەڵێت مرۆڤەکان لە ژیانێکی پڕ مەترسی و دڵەڕاوکێ دەژین. ئیدی هەر ژنان نیین بە هۆی شەرەفەوە دەکوژرێن و وێنەی ڕووتیان بڵاودەبێتەوە، ئەوە پیاوانیش، وێنەی ڕووتیان دەگیرێت و بە هۆی کامێراوە ئابڕوویان دەچێت و ژیانیان دەکەوێتە مەترسی. ئەمڕۆ زیادبوونی توندوتیژی و ڕق و تۆڵەکردنەوە لە یەکتر و سوکایەتی کردن بە مرۆڤەکان، بەها و ڕەوشت و جوانیی و دڵسۆزی مرۆڤەکانی خستۆتە ژێر پرسیار؛ وا لە مرۆڤەکان دەکات بە گومانەوە لەگەڵ یەک بژین یان لە بازنەیەکی داخراو و گۆشەگیر و دوورەپەرێز سەیری مرۆڤەکان بکات و متمانەی بەکەسانی نێو کۆمەڵگا نەمینێت، بەتایبەتی لەسەردەمی سەرمایەداری و دونیای مودێرن و واقیعی ئێستای ئێمەی تێدا دەژین. "لەبەندەر فەیلی و نەفرەتی نەوبەهاراندا دەبینین، کە دڵڕەقی واقع هەندێک جار سنووری خەیاڵ تێدەپەڕێنێت، هێزی مێژوو لەسەر بەرهەمهێنانی ئازار وتوندوتیژیی و بەدکاری زۆرجار هێزی خەیاڵ تێدەپەڕێنێت" (کۆمەڵێک نووسەر، 2023: 291).

لە نەفرەتی نەوبەهاران، کۆمەڵگا بە دوو شێوە شێوێندرایە و زیانی بە مرۆڤەکان گەیاندووە. بەهۆی وێنەی ڕووتی گێلاس و لە خانەی شەرەف، شیرازەی خێزان و بنەماڵە و عەشیرەت، کەوتوتە مەترسی و کۆمەڵگاش باجێکی قورس دەدات و ژینگەی کۆمەڵایەتیی و ژینگەی دەروونی تاکەکان و ژینگەی سیاسیی و ژینگەی کولتووری و ژینگەی ئایینی، تووشی داڕمان و شکست و دڵەڕاوکێ و ترس کردووە. ترس لە دونیای مۆدێرنە و ژیانی ئێستای مرۆڤایەتیی. جەنگیش بوویتە ماڵوێرانی و سەرگەردانی مرۆڤەکان و تێکچوونی سروشتی وڵات و سووتاندن و کاولکردن و دەستدرێژیکردنە سەر ژینگە و سروشت و ئەو شوێنانەی دەبێتە مەیدانی جەنگ. جەنگ هەم زیان بە ژینگەی مرۆڤ دەگەینێت و هەم بە خودی مرۆڤیش.

### 6-4: لێکەوتەکانی جەنگ لە نەفرەتی نەوبەهاران:

چەمکی شەرەف و جەنگ، ڕەهەندێکی قووڵ و فرەواتای لە خۆگرتووە، پانتایی ڕۆمانەکەی تەنیووە، هەردووکیان پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە. ڕاستیەکەی "لە کۆمەڵگەی کوردیدا (شەرەف) هەرەشەیەکی لەمێژینەیە بۆ سەر ژیانی کچان و ژنان و سەدەها ژن بونەتە قوربانی، چەمکێک کە نەریت و ئایین و دەسەڵاتی سیاسی و قەیرانە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا چەسپاندویانە و برەوەیان پێداوە" (ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، 2021: 40). لە لەم ڕۆمانە ئەو نیشاندراوە، دەستبردن بۆ شەرەف مەترسیدارە. لەسەر شەرەف جەنگ هەڵدەگیرسێت و پێکدادانی خێزانی و بنەماڵەی و عەشیرەتی لێدەکەوێتەوە. شەرەف دەبێتە سەرچاوی خوێنڕشتن و دوژمنداری و تۆڵە و دەستدرێژیکردنە سەر یەکتر و زیانگەیاندن بە یەکتر. هەستی شەرمەزاری و سووکایەتی بۆ خێزان و ڕەگەزی مێینە دروستدەکات. لە لایەنی دەروونی دەبێتە هۆی ترس و شەرم و دڵەڕاوکی و خۆبەکەمزانین و هەستکردن بە ڕیسوایی و شەرمەزاری. لەم ڕۆمانە جەنگ ژینگە و سروشتی جوانی وڵات دەشێوێنێت و مرۆڤەکان ئاوارە و بێماڵ دەکات.

"هەموو جەنگێک لێکەوتەی مەترسیداری هەیە لەوانە دەرئەنجامە بەردەستە و دیارەکان وەک مردن و برینداربوون و کەمئەندامی و لەناوبردنی شار و ئابووری و ژینگە" (الراوی، جنان شاکر، امال، نرمین، عبیر 2019: 368). بەختیار عەلی، هەموو مەترسیەکانی جەنگمان بۆ دەخاتە ڕوو، گەورە و بچووک دەربازبوونی نییە. جەنگ گەنجان دەکاتە سووتەمەنی و کچ و ژنانیش، دەستدرێژیان دەکرێتە سەر، منداڵ هەتیوو دەبن و خێزانەکان لێکدەترازێن و ڕێژەی بێوەژن زۆر دەبێت و دیاردەی لەشفرۆشی پەرەدەستێنێت. گرتن و کوشتن و برینداربوون و ئاواربوونی لێدەکەوێتەوە. جەنگی حکومەت و شۆڕش، زیانیکی زۆر بە گوندەکان و ڕەزوباخی هاووڵاتیان دەگەینێت و ژینگەی لەناودەچێت و سامانی ئاژەڵ و کشتوکاڵ و ئابووری کەم دەبێت وسەروەت و سامانی وڵات و خێزانەکان بەهەدەر دەڕوات. "کاریگەرییەکانی جەنگ بە وەستان کۆتایی نایەت، ئەوە بە شێوەیەکی سادە یان دڕندانە و خراپکاری, نموونە کاریگەری هەیە لەسەر کەمبوونی دانیشتوان، بەتایبەتی ڕەگەزی نێر، ئەمەش وادەکات خراپی ئابووری و پێکنەهێنانی خێزان و زاوزێ و کارکردن، ئەمەش ماویەکی دەوێت بە ئاسانی قەرەبوو ناکرێتەوە. ( Thomppson. William r. 1993 :

140).

له لایەکی دیکەوە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، تاکەکان، تووشی دڵەڕاوکێ و نەخۆشی دەروونی و بێمتمانەیی و داڕوخان و گۆشەگیری دەکات، لێکەوتەی کورتخایەن و درێژخایەنی لێدەکەوێتەوە، هەندێ لە نەوەکانی باجی جەنگەکە دەدەن.

## 5- ئەنجام:

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، کە بریتین لە:

1- جەنگ، لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاران، کاریگەری نەرێنی لە ژینگەی خێزان و کۆمەڵگا دروستکردووە؛ گوند و شاری گرتۆتەوەو ژینگەی خێزان و کۆمەڵگای وێران کردووە، ڕۆژبەڕۆژ لێکەوتەکانی جەنگ گەورەتر دەبن و ڕق و خوێنڕشتن بۆ نەوەکانی دەگوازێتەوە.

2_ ڕۆماننووس لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاران، مەترسیەکی گەورە و وێرانکردنی ژینگەی کوردستان نیشان دەدات؛ بەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگەوە لە لایەن (حکومەتی عێراق_شۆڕشی شۆڕش)ی کورد، ململانێیی ناوەخۆیی هێزە کوردەکان، بەدەر لە لێکەوتەیی ژینگەیی، لێکەوتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و خێزانی و کولتووری و ئابووری و دەروونی خراپی لێکەوتۆتەوە.

3- لەم ڕۆمانە، کامێرا وەک ئامێری وێنەگرتن، بوویتە هۆی دروستکردنی ناکۆکی و ئاگری جەنگ و خوێنڕشتن بەتایبەتی وێنەی ڕووتی گێلاس؛ خێزان و بنەماڵە و عەشیرەت و کۆمەڵگای شێواندووە، ڕق و تۆڵە و ئابڕووچوون و خوێنڕشتنی زۆری بەدوای خۆیەوە هێناوە.

4. بەختیار عەلی، لە ڕێگای وێنەوە، وەک بەرهەمی ئامێرێکی مودێرن، شەڕەفی ژن و خێزان و بنەماڵەوە و نەتەوەی خستۆتە مەترسیەوە، دەکرێ لە هەموو ساتێکدا، ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی توندوتیژی و لێکترازاندنی خێزان و لەناوبردنی ئەوانی دیکە.

5. ئەم ڕۆمانە ئەوە دەردەخات، لەکاتی ناکۆکیی و توندوتیژییەکان، ژینگەیەکی قێزەوەن دروستبووە، نەک وێنەی ڕووتی ژنان، بەڵکو پیاوانیش بوونەتە قوربانی وێنەی ڕووت و تێکچوونی ژینگەی خێزانی و کۆمەڵگا، دەکرێت وێنەکان، هەموو کات وەک فشاری خۆبەدەستەوەدان و ئابڕووچوون بەکاربهێندرێت.

6. دیدەی ڕۆماننووس لە بارەی پەیوەندی پیاوسالاری لەگەڵ ژن و سروشتدا، هاوتەریبە بە ڕوانگەی ئیکۆفێمنیزمەوە. پێیوایە چەوساندنەوەی ژن و کاولکردنی سروشت و ڕەگەزەکانی بەرهەمی ئەو کولتوورەیە. زۆربەی نەهامەتییەکانی ژن و چەوساندنەوەی و وێرانکردنی ژینگە دەخاتە ئەستۆی پیاو، بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا، زیادتر ژن و سروشت زەرەرمەند دەبن.

### سەرچاوەکان:

### کتێب:

### بە زمانی کوردی:

– ئازادیخواز، جەلیل (2005) گێل گەمێش. دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی.
– ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (2021) کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف. چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی.
–بۆتۆل، گاستۆن (2006) کۆمەڵناسی جەنگ. و: مەنسوور تەیفووری، سەردار حەسەنی، بەڕێوبەرێتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، سلێمانی.
–جەلال، هەڵگورد (2016) دەروازەیەک بۆ ناسینی جەنگی عێراق-کوێت. دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.
–ڕەسووڵ، هەڵمەت بایز (2012) ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا. چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
–ڕەشید، صلاح (2022) شەڕی ناوەخۆی کورد. چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.
–زێباری، بەختیار (2023) ڕاگەهاندنا ژینگەهێ. وەشانێ پالۆ، چاپ و شوێن لەسەر نییە.

–عەلی، بەختیار (2021) وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان. چاپخانەی ئەڵوەن، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی.
–عەلی، بەختیار (2024) نەفرەتی نەوبەهاران. چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی.
– عەلی، ئیدریس (2009) تەوەری ئەدەبی. سلێمانی، چاپخانەی ڕۆمان، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
– فەتاح، ڕێبین (2022) ئیکۆفێمینیزم. چاپی یەکەم، وەشانی ژنەفت، چاپی ئەلیکترۆنی، هەولێر.
– ڤینسینت، ئەندۆ (2007) ئایدۆلۆژیا مۆدێرنە سیاسییەکان. و: عومەر مەولوودی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک.
– کۆمەڵیک نووسەر (2023) ئەدەب و مۆدێرنە. چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی.
– گۆران، نەبەز (2024) هێمایەکانی دونیای ڕۆمان، گفتوگۆ لەگەڵ بەختیار عەلی. ناوەندی ڕەهەند، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی.
– گیدنز، ئەنتۆنی (2009) کۆمەڵناسی. و: حەسەن ئەحمەد مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
– محی الدین، بەهرۆز عزت (2018) دەروازەیەک بۆ بنەماکانی جەنگ و زانستی سەربازیی. کتێبفرۆشی مێخەک، چاپی یەکەم، تاران.
– المساعد، نورة فرج (2006) فێمنیزم فیکر و ڕەوتەکانی. و: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، سلێمانی.
– زنجیرە وتار (2008) ژن و توندوتیژی. و: کنێلا عەبدوڵڵا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
– شەوڕۆ، فازیل (2023) ڕەنگرێژیی لە شیعری منداڵانی کورد. چاپی یەکەم، شوێنی چاپ و چاپخانە!.
– شێخ ڕاغب، هەندرێن (2026) قەیرانی ژینگە. چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی.

## بە زمانی عەرەبی:

– بوران، د. علياء صاتوغ، ابوديه، محمد حمداف (2003) علم البيئه. الطبعة الأولى, دار الشروق، الاردن.
– الحفيظ, د. عماد محمد ذياب (2005) البيئة (حمايتها, تلوثها, مخاطرها). الطبعة الأولى, دار صفاء للنشر و التوزيع، الاردن.
– سعيد، دارا محمدامين (2015) حماية البيئة في ضوء الشريعة الأسلامية و الصكوك الدولية والقوانين الوطنية. الطبعة الأولى، دار الفتح للدراسات و النشر، الاردن.
– عوض، عادل رفيقي (1995) المرأةو حماية البيئة. الطبعه الأولى, دار الشروق للنشر و التوازيع، الاردن.
– مزاهرة، د. أيمن سليمان، الشوابكة، د. على فالح (2003) البيئة المجتع. الطبعة الأولى، دار الشروق للنشرو التوزيع، الاردن.

بە زمانی ئینگلیزی:

- ICRC (2015) women and war. International committee of the reqcroos, Geneva-switzerland.
-Thomppson. William r. (1993) the conseguences of war. International interations, Indiana university article, V 19, l -1 2, pp.(147-125)

**فەرهەنگ:**

**بە زمانی کوردی:**

– حسن، شەوکەت مەلا اسماعیل (2012) فەرهەنگی مامۆستا، هاوواتای کوردی–ئینگلیزی. چاپی دووەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.
– روحانی، ماجد مردوخ (1388) فرهنگ فارس–کردی. چاپ اول، سندج.
– عەبدوڵڵا، حەیدەر (2013) فەرهەنگی نما عەرەبی_کوردی. چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
– مایی، طه مظهر (2019) فەرهەنگی مایی، کوردی–عەرەبی. چاپخانا حەجی هاشم، چاپا ئێکی، دەزگای سپیریز، هەولێر.
– موکریانی، گیوی (1999) کوردستان. چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
– موکریانی، گیوی (2012) فەرهەنگی مهاباد کوردی و ئارەوەییە. چاپی دووەم، هەولێر.
– ناهید، محەمەد (2011) فەرهەنگی ناهید کوردی کوردی_فارسی. چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
– نظام الدین, فاضل (2007) فەرهەنگی شیرین عەرەبی_کوردی. دەزگای سەردەم، چاپی چوارەم، سلێمانی.
– هەرشەمیی، شاسوار (2022) فەرهەنگی ئیتمیۆلۆژی کوردی. تاران، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دانشگاه کردستان.
– هەژار (1388) هەمبانە بۆرینە، کردی–فارسی. چاپ ششم، چاپخانە سروش، تهران.

**گۆڤار:**

**بە زمانی کوردی:**

– ابراهیم، ابراهیم محمد، پیروت، بارزان عەلی (2024) ئیکۆفێمنیزم لە دەقە شیعرییەکانی "قوبادی جەلیزادە"دا. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگ 28، ژ5، (15_41).
– ابراهیم، ابراهیم محمد (2024) خوێندنەوەی دەقی شیعری (شار)ی سوارەی ئیلخانیزادە لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی 28، ژ1، (32–55).
– حمد، کارزان قادر، شوانی، دانا لطیف جلال (2022) دەروازەیەکی زانستیانە بۆ چارەسەرکردنی پرسە ژینگەییەکان. گۆڤاری قەڵای زانست،

بەرگی 7، ژمارە 2، ل (399_419).
– سۆهرابی، مەنسوور (2720) ئیکۆفێمینیزم. گۆڤاری تیشک، ژمارە 57، ساڵی 22، (92_95).
– شاماران (2724) شەڕ و لێکەوتەکانی دەروونی و توندوتیژییەکانی دژی ژنان و منداڵان. گ، ژنان، ژ 69.
– شوانی، هێمن ئەمین جەلال (2023) ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ژینگەیی لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ڕەفتاری تاک و بەرانبەر بە ژینگە. هەولێر، گۆڤاری زانکۆی جیهان، بەرگی 7، ژمارە 2، ل (73_82).
– شوجاعی، مەنسوورە (2011) پێناسە و مێژوو و سەرەتایێک بۆ ئیکۆفێمینیزم. و: یونس ڕەزایی، گۆڤاری ڕامان، ژ (172)، 2011/9/5.
– کوردستانی، ڕابوون (2070) فێمێنیزمی سروشت بڕوا و سروشتی ژنانە لە ئوستوورەوە بۆ ژیانی مۆدێرن. گۆڤاری تیشک، ساڵی22، (108_121).
– محەمەد، پ.ی. د. فوئاد ڕەشید (2018) شیعری (وەسێتنامەی زەوی) (کەژاڵ ئەحمەد) لەبەر ڕۆشنایی (ڕەخنەی ئیکۆلۆژی)دا. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی پێنجەم، ژمارە (15)، (431_444).

**بە زمانی عەرەبی:**

– الراوي، جنان شاكر، امال، نرمين، عبير (2019) الاثار الاجتماعية و الاقتصادية و البيئية الناتجة عن الحروب على العراق اللفترة من (1980-2015). مجلة العلوم البيئية, جامعة عين شمس, المجلد الخامس و الاربعون, الجزء الثاني, ص (367-390).

**بە زمانی فارسی:**

– احمدی، سیروس (1395) رویکردهای جامعه شناختی در تبیین وقوع خیل. فصلنامه مطالحات تاریخی قبل, سال, شماره دوم, صص19_32.
– افشردی، محمد حسین، توحید قازی پور، داود گلکاریان (1398) تشابهات و تفاوت های اصول جنگ و رهنامه. فصلنامه مطالعات دفاعی استراتژیک، سال هفدهم، ژمارە 75، صفحه 5_35.
– پارساپۆر، زەهرا (1400) خوانش اکو فمینیستی داستان (ژنان بدون مردان). نشریه علمی جستارهای نوین ادبی، شماره 215، صص (27_44).
– جواری، محمد حسین (1397) نقد معیط زبستی در حوزة ادبیات با رویکرد تطبیقی. فصلنامه علمی-پژوهش های ادبیات تطبیقی، دوره 6، شماره 2، صص (138_143).
– عکار، سید میلاد زار (1401) ادبیات جنگ به مثابه خود جنگ. ضمیمه کتاب و داستان، روزنامه جام جم، شماره 164.

**نامەی ئەکادیمی:**

**بە زمانی کوردی:**

– ابابکر، خدر رسول (2022) جەنگ و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە. توێژینەوەیەکی شیکاری ناوەڕۆکە، بۆ ڕۆمانەکانی "کەوتنی ئاسمانەکان" و "سەردەمی گریانی بەڵقیس"ی جەبار جەمال غەریب، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ئاداب-کۆمەڵناسی.
– شوکری، شەنگ سامی شاە کەرەم (2022) پراکتیزەکرنا بنەمایێن ڕەخنا ئەدەبی یا ژینگەهی د ڕۆمانێن (ئاترا دووماهی ئادەمێ ل سەر ئەردی) و (مرۆڤێ بەلەچەک)دا. نامەی ماستەر، زانکۆیا دهوک، کولیژا زمانان_پشکا زمانێ کوردی.
– عەبدوڵڵا، سۆران مامند (2022) ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە نموونەی شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس و سەباح ڕەنجدەر). نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
– محمود، مهدی احمد (2022) ڕخنەی ژینگەیی لە شیعری هاوچەرخی کوردستان. نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، بەشی کوردی-کۆلێژی پەروەردە، قەڵادزێ.

**بە زمانی فارسی:**

– فخر، فاطمه بهروز (1397) بررسی تاثیر تجربه فردی در داستان های جنگ (با تکیه بر 10 رمان جنگ ایران و عراق). پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشکده ادبیات و علوم انسانی-گروه زبان و ادبیات فارسی، تهران.

**ماڵپەر:**

– ڕزگار، محەمەد (2021) جیاوازی نێوان شەڕو جەنگ، ماڵپەری زانیاری (www.zaniary.com.)، ڕۆژی سەردانیکردنم لە ماڵپەڕ، 2025/5/28.

## آثار الحرب في رواية (لعنة نوبهاران) من منظور النقد النسوي البيئي

**ياسين برايم قادر**
قسم اللغة الكردية، كلية الآداب، جامعة سوران
yaseenbraim@gmail.com
**بخشان صابر حمد**
قسم اللغة الكردية، كلية الآداب، جامعة سوران
pakhshan.hamad@soran.edu.iq

**الملخص**
هذه الدراسة الموسومة بـ(آثار الحرب في رواية (لعنة نوبهاران) من منظور النقد النسوي البيئي). بعد مرحلة الحداثة، خصوصاً في سبعينيات قرن العشرين، تطور النقد الأدبي على الصعيد العالمي وتولّدت توجهات ونظريات ومناهج عدّة. والنقد البيئي ومن بينها النسوية البيئية (ئيكوفيمينيزم) نشأ وترعرع في أحضان آراء نقاد البيئة والنسويين. عملنا في هذه الدراسة يدور حول علم البيئة والحرب وآثاره السلبية والدمار الذي يلحق بالبيئة والطبيعة والإنسان وخصوصاً الأنثى. محللين مفهوم مصطلحات الحرب والبيئة والنقد البيئي والبيئية النسوية والآراء المختلفة الواردة في هذا الصدد. والأهمّ بالنسبة لنا، هو التعرف إلى كيفية إدراك الروائيين الكورد لخطورة الحرب على البيئة ولا سيّما البيئة النسوية، وكيف انعكس هذا الإدراك في نصوصهم. من خلال هذه الدراسة يمكن نشر التوعية بالبيئة وتوجيه المجتمع باتجاه معرفي وتحمل للمسؤولية تجاه البيئة، بحيث يمنع تدمير الطبيعة وبيئة الحيوانات والأعشاب في مختلف البيئات؛ لأنّ بقاء الإنسان إنّما في سلامة البيئة والأرض والماء والهواء. فباحترام هذه العناصر وحمايتها المستدامة تصبح البيئة أكثر جمالاً ونظافةً وتتقلل المخاطر عليها.
**الكلمات المفتاحية:** الطبيعة، الحرب، النقد البيئي، البيئية النسوية، لعنة نوبهاران

## The Consequences of War in (The Curse of Newbaharan) from the Perspective of Ecofeminism Criticism

**Yasin Braim Qadir**
Department of Kurdish Language, Faculty of Arts, Soran University
yaseenbraim@gmail.com
**Pakhshan Sabir Hamad**
Department of Kurdish Language, Faculty of Arts, Soran University
pakhshan.hamad@soran.edu.iq

**Abstract**
This paper is entitled The Consequences of War in (The Curse of Newbaharan) from the Perspective of Ecofeminism Criticism. After the modernism period, particularly in the 1970s, literary criticism developed significantly in the world, along with various theories, methods and new movements emerged as well. Ecocriticism, including ecofeminism, draws on insights from both environmental critics and feminists. This study likely focuses on environmentalism and the negative and destructive consequences of war on the environment, nature and humans, more specifically on women. Additionally, in this study, the concepts, terms and definitions of war, environment, environmental criticism, and ecofeminism have been examined from numerous viewpoints. Importantly to us, is knowing how Kurdish novelists have perceived the dangers of war to environment and particularly how feminist-environmental is reflected in their texts. This study can be promoting environmental awareness and fostering responsibility among individuals in preventing the destruction of nature and ecosystem's environment. Since, human survival is related to the health of environment, particularly the quality of earth, water and air. Simultaneously, respecting and preserving these elements is crucial for a beautiful, healthy and sustainable environment which directly leads to reducing its threats as well.
**Keywords:** The Curse of Newbaharan, Ecofeminism, War, Environment, Environmental Criticism.